# چەمکی ئەنفال

## لە فەرهەنگ و مێژووی ئیسلامدا

# چەمکی ئەنفال

## لە فەرهەنگ و مێژووی ئیسلامدا

نووسینی: د.سەباح بەرزنجی

■ **چەمکی ئەنفال لە فەرهەنگ و مێژووی ئیسلامدا**

نووسەر: د. سەباح بەرزنجی

دیزاین: ڕەوشت محەمەد

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٩. ناوەندی ڕینوێن.

■ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ( ٦٦٥ )ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە

# ناوەرۆك

بەرایی ........................................... ٧
١. ئەنفال وەکو ڕیشەی زمان و مەدلوول: .............. ١١
٢-ئەنفال لە زاراوەدا: ............................. ١١
٣. ئەنفال لەقورئاندا: .............................. ١٤
٤-چەمکی جەنگ و دەرەنجامەکانی: ..................... ١٨
٤-١ جۆرەکانی جەنگ: ................................ ١٩
٤-٢ دەرەنجامەکانی جەنگ: ............................ ٢١
٤-٣ کۆتایی هاتنی جەنگ: ............................. ٢٥
٥-فتووحاتی ئیسلامی: ............................... ٢٦
٥-١ ئامانجەکانی فتووحاتی ئیسلامی: ................... ٣٤
٥-١-١ ئامانجی ئابووری: .............................. ٣٤
٥-١-٢ ئامانجی سیاسی: ................................ ٣٦
٥-١-٣-ئامانجی بەرگری و پارێزگاری: ................... ٣٧
٥-١-٤ ئامانجی مرۆڤدۆستانە: ........................... ٣٧
٥-١-٥. ئامانجی ڕزگارکردن: ............................ ٣٩
٥-١-٦ ئامانجی ئاینی: ................................ ٤٠

٥–٢ ئەنجامەکانی فتووحات: ........................... ٤٣
٦–ئەنفال لە سیستمی فیقهی ئیسلامدا: ........................... ٤٧
٧–جەنگی جیهانی یەکەم و دابەشکردنی کوردستان................. ٥٣
ئەنجام .................................................. ٥٧
سەرچاوەکان .............................................. ٦٠

چاوپێکەوتن دەربارەی ئەنفال ................................ ٦٢

# بەرایی

حیزبی بەعسی عێراق وەکو لە بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆ و ئەدەبیاتی ڕۆژانەیدا دووپاتی دەکاتەوە، حیزبێکی سۆشیالیستی و ناسیۆنالیستی عەرەبە و زۆرجار میشیل عەفلەق لە وتارە ڕۆمانسییەکاندیدا تەئکیدی لەسەر چەمکی سۆشیالیزمی عەرەبی دەکردەوە و پێیوابوو گرنگیی پەیامی بەعس لەوەدایە کە چەمکی سۆشیالیزمی لە ڕەهەندی ئەوروپییەوە گۆڕیوە بۆ ڕەهەندێکی عەرەبی، تاکو ئێرە مەسەلەکە سروشتییە و جۆرێکە لە کار و کارلێکردن، سەیر و سەمەرە لەوەدایە کاتێک بەعس دەیەوێت بەو بیرکردنەوە ئینتیقائییە ئاوڕ لە کەلتووری عەرەبی–ئیسلامی بداتەوە و وشە و دەستەواژەکانی بۆ پلان و بەرنامە حیزبییەکانی تەوزیف بکات، ئالێرەدا دەکەوێتە قەیرانێکی فیکرییەوە و نازانێت چۆن پێناسەی خۆی بکات و بە چ ناونیشانێك بێتە سەر گۆڕەپانی فیکری و سیاسی دنیای عەرەبەوە، بۆیە خۆی بە حیزبێکی عەلمانی لەقەڵەم دەدات، کە ئەگەر سەرپشکبێت لەنێوان کوفر و ئیماندا، لایەنی ئیمان دەگرێت، چونکە باش لە ئامادەگیی

هوشیاریی ئاینی ناو دنیای عەرەب ئاگادارە و دەزانێت. لە ساتەوەختە گرنگەکاندا دروشم و بۆنە ئاینییەکان بەکاری دێن و دەتوانێت لە موشتەرەکاتی زمان باشترین سوود وەربگرێت و جۆرێك لە پیرۆزیی ببەخشێت بە کار و سیاسەتەکانی.

بێگومان سەددام حسەینی سەرۆکی عێراق، شاگردێکی بەوەفای مەدرەسەکەی عەفلەقە و باش لە پرانسیپ و بەرنامەکایی حالّیی بووە، هەر بۆیە سیمای دەرەوەی دەسەلاّتە تاکرەوەکەی خۆیی بە ناو و رەنگی وەرگیراو لە کەلتووری ئیسلامی سوواغ داوە و یەکەیەکەی دەزگاکانی سووپا و موخابەرات و ئەمن و ئیستخباراتی بە ناوی سەردارانی ئیسلام و نەتەوەی عەرەب ناوزەد کردووە و گوایە بەم شێوازە ئاسان و بێ تەکلیفە دەبێتە درێژەپێدەری مێژوویەك لە شانازی خەلافەتەکانی راشیدین و ئەمەوی و عەبباسی، ئەو لە موخەللەفاتی مێژوویەکی پڕ لە هەوراز و نشێو تەنها فێری وانەی لەشکرکێشی و گرتن و کوشتن بووە، بۆیە لە ساڵەکانی ١٩٦٨ەوە لە بەرامبەر بزاڤی رزگاریخواز و حەقخوازی گەلی کوردستانەوە، سیاسەتی تەعریب و تەرحیل و تەبعیسی پەیرەوکردووە و بەناوی زیندووکردنەوەی حەماسەی سەعد و موسەننا و قەعقاع، قادسییەی دووەمی بۆ گیانی گەلانی ئێران خۆشکرد و دواتریش لە پەراوێزی پاراستنی دەروازەی

خۆرهەڵاتی نیشتمانی عەرەبدا شاڵاوەکانی ئەنفالی دژ بە گەلی کوردستان ئەنجامداو سەرەنجام ڕقی پیرۆزی خۆی بە میرنشینی کوەیتیش ڕشت، گوایە ئەمانە بوونەتە داردەستی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، کە بێگومان ئەم جۆرە تۆمەتانە بۆ نەیار و دوژمنان داب و نەریتێکی هەموو دەسەڵاتێکی پاوانخوازە، ئەوەی جێی سەرنجە و پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت بریتییە لەو بارە ئایدۆلۆژییەی ئەم جۆرە دەستەواژانە (قادسییە، ئەنفال، امة عربیة واحدة ذات رسالة خالدة) هەڵیدەگرن و دەبێتە هۆی خراپ لێکدانەوەی چەمکی مێژوویی و واقیعییان، ڕژێمی بەعسی عێراق بەم شێواز و وێناکردنە زۆر زیرەکانە ویستوویەتی عەقڵ و هۆشیاریی گەلانی عەرەب و موسڵمانان وا ئاراستە بکات، کە ئەو نوێنەرایەتی ژیار و پەیام و مێژووی عەرەبە موسڵمانەکانی چاخە زێڕینەکانی خەلافەت دەکات و بنەمای مەشرووعەییەتیشی هەر لەناخی ئەو مێژووەدا دەبینرێتەوە، غافڵ لەوەی بەتەنها ناوزەدکردن، ناوەڕۆك دروست نابێت و موغالەتەی زمان بەسەر کەسانی ورددا تێناپەڕێت و بەراوردی مێژووی ئەو چەمکانە و لێکدانەوەی یاسایی ئەو موماره‌ساتە پەردە لەسەر دیماگۆجیەت و سەتحییەتە ئەو بیرکردنەوەیە لادەبات، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم: ئەنفالی بەعس هیچ پەیوەندییەکی بە یاسا و ڕێسا

شەرعییەکانەوە نییەو جەنگی چەندین ساڵەی ڕژێم لە دژی گەلی کورد ناچێتە خانەی هیچ دەستوورێکی ئیسلامەوە و ڕەفتاری توندوتیژی ئەو ڕژێمەش چ ڕەبتێکی بە پرانسیپە ئاینی و شۆڕشگێڕییەکانەوە نییە.

**ئەم باسەش لەڕاستیدا هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە:**

١. ئەنفال وەکو ڕیشەی زمان

٢. ئەنفال لە زاراوەدا.

٣. ئەنفال لە زاراوەی قورئاندا.

٤. چەمکی جەنگ و دەرەنجامەکانی.

٥. فتووحاتی ئیسلامی.

٦. ئەنفال لە سیستمی فیقهی ئیسلامدا.

٧. جەنگی جیهانیی یەکەم و دابەشکردنی کوردستان.

بێگومان پاش سەرنج لەم بابەتانە دەتوانین تێگەیشتنێك لەسەر ئەنفال چ وەك چەمك و چ وەك پرۆسە گەڵاڵە بکەین.

### ١. ئەنفال وەکو ڕیشەی زمان و مەدلوول:

ئـەنفال وشـەیەکی عەرەبییـە، کـۆی (نَفَـلْ) وەرگـیراوە، بـە واتـای زیـاد لـە ئەنـدازەی پێویسـتی هـەر شـتێك ، هـەر بۆیـە عەرەبەکان بە نەوە و شەرعناسەکانیش بـە نوێـژە سـوننەتەکان دەڵێن: (نافلة).[١]

بـە هـەرحاڵ (نفـل) بـە هـەر شـتێك دەگوترێـت، کـە مـرۆڤ بەدەسـتی بهێنێـت، لـەم ڕووەوە شـاعیری تەمەندرێـژی عـەرەب (لەبیدی کوڕی ڕەبیعە) لە شیعرێکدا گوتوویەتی:

**((إن تقوى ربنا خَيْرُ نَفَل    وبإذن الله ريثي والعَجَل))**[٢].

### ٢-ئەنفال لە زاراوەدا:

مانـــای زمانـــەوانی ئـــەنفال، وادیـــارە لـــەناو عەرەبەکانـــدا گوێزراوەتـــەوە بـــۆ دەلالـــەت لەســـەر ئـــەو شـــتومەك و دەســـتکەوتانەی لـــە ڕێگـــەی جـــەنگ و کوشـــتارەوە دەســـتی جـەنگاوەران دەکـەوێت، چـونکە عەرەبـەکانی پـێش ئیسـلامیش (ئـــەنفال)یان بەهـــەمان مەبەســـت بـــەکارهێناوە، بـــۆ نموونـــە عەنتەرەی کوڕی شەداد لە شێعرێکدا دەڵێت:

---

١ وەکو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: ﴿وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَاقَ وَيَعْقُبَ نَافِلَةً﴾. لسان العرب، ج١، ل٦٧٠– ٦٧٢.

٢ هەمان سەرچاوە، ج١١، ل٦٧٠.

((أنا إذا حميَ الوغَى نروي القنا

ونعف عند مقاسم الأنفال))[1].

پێدەچێت زانایانی مەزهەبی سوننی، لە هەموو جێیەك (ئەنفال)یان بە دەستکەوتی شەڕ واتە (غەنیمەت) مانا کردبێت[2]، بەڵام فەقیهەکانی مەزهەبی شیعە، (ئەنفال)یان بە جۆرێکی تر لێکداوەتەوە، ئەوان گوتوویانە: چەمکێکی فراوانتر لە دەستکەوتی جەنگی هەیە و بریتییە لە:

١. ئەو زەویانەی بەبێ شەڕ دەستکەوتوون (فيء).

٢. زەوی بایر (الموات).

٣. دارستانەکان.

٤. (صوافی) واتە ئەو زەوی و زار و موڵکانەی کە خاوەنەکانیان مردوون و میراتگریان نیە، هەروەها ئەو زەوی و زارەی سوڵتان جیای دەکاتەوە بۆ دەست و پێوەندەکانی.[3]

٥. میراتی بێ میراتگر.

٦. ئەقتاعی.

پاشان بەم جۆرە بۆچوونە (فیء) و (ئەنفال) یەکێکن و هەردوویان وان لە بەرامبەر (غەنیمەت)ەوە.

---

١ هەمان سەرچاوە.

٢ البيضاوي، أنوار التزيل وأسرار التأويل، ١/٣٨٣.

٣ د.نزية حماد، معجم المصطلحات الاقتصادية في لغة الفقهاء، ل٢١٥.

(ئەنفال) دراوەتە دەستی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) و دوای ئەویش بە بڕیاری ئیمام دەستکاری دەکرێت و تەنها لە کاتی نادیاربوونی ئیمامدا شیعەکان لەباتی ئەو تەسەڕووفی تێدا دەکەن و لە بەرژەوەندی گشتیدا بەکاری دەهێنن.[1]

کەواتە ئەگەر بۆچوونی مەزاهیبی سوننی وەربگرین، (ئەنفال) چەمکێك نییە ئاینی ئیسلام دایهێنابێت و چەسپاندبێتی بەسەر کۆمەڵگەی عەرەبیدا، چونکە لەمێژزەمانەوە مرۆڤەکان، هۆزەکان و دەسەڵاتەکان، پێکەوە جەنگیون و یەکتریان تاڵانکردووە، تەنها ئەوەندە هەیە ئیسلام سنوور و یاسا و ڕێسای دیاریکراوی بۆ داناوە.

بەپێچەوانەوە ئەگەر بۆچوونی دووەم وەربگرین، (ئەنفال) چەمکێکی جیاواز لە چەمکی دەستکەوت وەردەگرێت و دەبێتە هەندێك لەو سەرچاوە و دەرامەتە سروشتییانەی موڵکی گشتی دەوڵەتن و کەس بۆی نییە نیەتی موڵکایەتییان لێ بهێنێت.

---

١ محمد جواد مغنيه، فقه الامام جعفر الصادق، ٢/١٣٠.

## ٣. ئەنفال لەقورئاندا:

ئەنفال جگە لەوەی ناوی سورەتی هەشتەمی قورئانە، ناوی ئایەتی یەکەمی ئەم سورەتەشە. سوەتی ئـەنفال (٧٥) ئایەتـە و دابەش بووە بە سـەر کۆتـایی جزمـی نۆیـەم و سـەرەتای جزمـی دەیەمی قورئاندا.

بابەتەکانی بە گوشراوی بریتین لە گوزارشـتی شـەڕی بـەدر و دەرئەنجامـەکانی. جـەنگی بـەدر یەکـەمین پێکـدادانی بـەرەی ئیسـلام و بـەرەی شـیرك بـوو، ئەنجامەکەشـی سـەرکەوتنی موسڵمانان بوو، سەرکەوتنێك کـە کـەس چـاوەڕوانی نـەدەکرد، چـونکە موسـڵمانان بـەنیازی دەستبەسـەرداگرتنی کـاروانێکی بازرگانی قوڕەیش ڕوویان کردبووە ئـەو شـوێنەی پێـی دەگـوترا (بەدر)، قوڕەیشـیەکان بـە سـووپایەکی هـەزار کەسـییەوە، بـە بڕیاری لە ڕیشەوە دەرهێنانی موسڵمانەکان هاتبوونـە مەیـدان.. بـەڵام ڕەوتـی ڕووداوەکـان ئاڕاسـتەیەکی تـری وەرگـرت، موسڵمانەکان سەرکەوتنێکی ماددی و مەعنـەویان بەدەسـتهێناو وێـڕای کوشـتنی (٧٠) کـەس و بـەدیلگرتنی (٧٠) کەسـی تـر، دەسکەوت و کەلوپەلی جەنگی زۆریشیان چنگ کەوت.

لەسـەر دەسـکەوتەکان، جـەنگاوەرەکان لـەناو خۆیانـدا تێگیران، وەکو عوبادەی کوڕی صامت دەگێڕێتـەوە، کـە چۆن ئایـەتی یەکـەمی سـورەتەکە سـەبارەت بـەوان هاتـە خـوارەوە،

چونکە لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی ناکۆك بوون ، بۆیە خوای گەورە لەدەستی ئەوانی وەرگرت و مەسەلەکەی بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) سپارد.[1] ئەم ڕووداوە بووە پەندێکی گەورە لە جیهانبینی موسڵماناندا، بۆ تێگەیشتن لەو مەودایەی لەنێوان تەگبیری مرۆڤەکان و بڕیاری ئیلاهیدا هەیە، بۆیە سورەتی (ئەنفال) ڕێنمایی پێویستی تێدایە، بۆ چەسپاندنی ئەم چەمکە گەورە و گرانانە:

دەستووری جەنگ و ئاشتی، دەسکەوت و دیلەکان، پەیمان و ڕێکەوتننامەکان، فاکتەرەکانی سەرکەوتن و شکست، ویڕای دیمەن و سیناریۆی جەنگەکە و جاروبارىش بیرخستنەوەی ژیانی پێغەمبەر و یارەکانی لە مەککە، ئەو ساتەوەختانەی بە ژمارە کەم و بێ دەسەڵات بوون و لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژیان و بێبڕواکانیش پێش کۆچکردنی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) چ هەڵوێستێکیان هەبوو.

**ئەم سوورەتە شەش مەبەستی سەرەکی هەیە لە دەستوور و ڕێنماییەکاندا:**

---

[1] ابو الحسن الماوردى، الأحكام السلطانية، ل٢٤٥.

أ- لە مەسەلەی دەسکەوتەکاندا، مەبەستی ئەوەیە بڕواداران تەقوایان هەبێت و ئاگایان لە فەرمانی خوا و پێغەمبەر و یادەوەری ئایەتەکان بێت.

ب- لە نەخشەی شەڕ و تێکگیران لەگەڵ بێباوەڕەکان، بڕوایان بە بڕیار و قەدەری خوا هەبێت.

ج- بۆ سەرکەوتن و ئەنجامەکانی، بڕوایان بە پشتگیری و یارمەتی هۆکارە غەیبییەکان هەبێت.

د-کاتێک داوای دامەزراوی و ئیرادەی پتەویان لێدەکات، دەسەڵات و پەیمان و کاریگەری یادی خوایان بیردەخاتەوە.

هـ- ئامانجی شەڕ دیاریدەکات، بەوەی پێویستە هەموو لایەک ملکەچی پەروەردگار بن و حەق و ڕاستی سەر بکەوێت بەسەر چەکی خراپەکاریدا.

و- لە پۆلێنکردنی کۆمەڵگادا بایەخەکانی بڕوا و عەقیدە لەسەرووی هەموو ئیعتیبارێکە و حسابی بۆ بکرێت.[1]

بەم شێوەیە دەردەکەوێت باسکردنی ئەنفال لە قورئاندا و بەو مانا نییە، کە موسڵمانان شەڕی خەڵکی ناموسڵمان بکەن، لەپێناوی داگیرکردنی زەوی و ماڵ و سامان و لەناوبردنیان، چونکە گرنگترین ئەو هۆکارانەی کە هانی موسڵمانان دەدات بۆ جەنگ ئەمانەن:

---

[1] سيد قطب، في ظلال القرآن، ج٣، ل١٤٦٥- ١٤٦٦.

– بەرگرییکردن لە خۆیان و بەرپەرچدانەوەی ئەو کەسانەی کە دەستدرێژی دەکەنە سەریان، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلا تَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ﴾[1].

– فەراهەمکردنی کەش و هەوای ئارام و ئازاد بۆ بانگی یەکتاپەرستی.

– دژایەتی کردنی ئەو کەسانەی کە پەیمان هەڵدەوەشێننەوە.

– گەڕانەوەی ئاسایش بۆ دۆخی سروشتی خۆی لە هەلومەرجی شۆڕش و ئاژاوەدا.

– فراوانکردنی قەڵەمڕەوی وڵات.

– بەرگری لە بیروڕای ڕاست و پەسەندی کۆمەڵەی موسڵمان.[2]

بە تەعبیرێکی تر سوورەتی (ئەنفال) کۆمەڵە بڕیار و دەستوورێکی جەنگی و پەروەردەییە، لە هەلومەرجی ڕووبەڕووبوونەوەدا، لە هەلومەرجی سروشتیدا، ئەمڕۆکەش وڵاتان و ڕێکخراوەکانی ڕزگاریحواز پلان و نەخشەی تایبەتی دادەڕێژن بۆ پەیڕەوان و لایەنگرانیان لە کاتی تەنگانەدا.

---

[1] البقرة: ١٩٠.

٢ انور الرفاعي، الاسلام في حضارته ونظمه، ص١٨٠.

## ٤-چەمکی جەنگ و دەرەنجامەکانی :

کـلازو فـتر، بیرمەنـدێکی سـتراتیجی و سـەربازی ئەڵمانییـە، ئاوەهـا پێناسـەی (جـەنگ) دەکـات: (جـەنگ درێژەپێـدانی سیاسـەتە، بـە میکـانیزمێکی تـر و بـە توونـدوتیـژی، لـەپێناوی ملکەچکردنی نەیارەکان بۆ خواستەکانی ئێمە)[1].

شـیکردنەوەی دیـاردەی جـەنگ، گۆشـەنیگای جیـاوازی لەسـەرە و لێکدانـەوەی زۆری لەسـەرە، لـە هـەموو ڕوویـەکی فەلسەفی، سیاسی، ئابووری، یاسایی، دەروونـی، کۆمەڵایـەتی و تەکنیکییـەوە، قـابیلی قسـە و پێناسـەکردنە، هەرچـەند ئـەم لێکدانەوەیە لـە سـەردەمێکەوە بـۆ سـەردەمێکی تـر دەگۆڕێت، چونکە شەڕگە فراوانتر و تـا تەکنـەلۆژیای شـەڕ پێشـکەوتووتر و تا ناوەندەکانی دانیشتوان و پیشەسـازی زیـاتر بێـت، تیـۆری و پێناسەکانیش دەگۆڕێن[2].

---

١ عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسة، ج٣، ل١٧٠

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## ١-٤ جۆرەکانی جەنگ:

–بـــەپێی پاڵنـــەر و ئامانجـــەکانی و هـــەروەها بـــەپێی سەردەمەکەی: جەنگ بەچەند جۆرێك پۆلێن دەکرێت:

ـ جەنگی ئابووری، زۆربـەی جەنگـە کلاسـیکیەکانی مێـژوو، کـە مەبەســت لــە هەڵگیرســانیان پێوانــە و کێشــانەی قــازانج و دەسکەوت بووە.

ـ جەنگی ئایینی، ئەو جەنگەیە لەژێر دروشمی ئاینیدا، و بە کـاڵا و بـەرگی تیرۆرییەکانـەوە، ڕوو دەدات و بـەردەوام دەبێـت تـا نەهێشتنی بەرامبـەر، یـاخود ملکەچـبوونی بـۆ خواسـتی لایـەنی سەرکەوتوو.

– بەپێی ڕووبەر و شانۆی ڕووداوەکان:

لەم ڕوانگەیەوە جەنگ سێ جۆرە:

– جەنگی ناوخۆ: بەو جەنگە دەگوترێت کە لە چوارچێوەی ســنوورێکی دیــاریکراودا، بەمەبەســتی کــۆنترۆڵی دەســەڵات، ئەنجام دەدرێت، وەکو جەنگی نـاوخۆی ئەفغانسـتان و جـەنگی ناوخۆی لوبنان.

– جەنگی ناوچەیی: بەو جەنگە دەگوترێت، کـە لـەنێوان دوو وڵاتـــدا، لەســـەر کێشـــەی ســـنووریان لەبـــەر تێگیرانـــی بەرژەندییـەکانیان، هەڵدەگیرسـێت، وەکـو جـەنگی ئێـران و عێراق، جەنگی یەمەن و ئەریتریا.

- جەنگی نەتەوەیی: ئەو جەنگەیە کە لەنێوان نەتەوەیەکی باڵادەست و نەتەوەیەکی ژێردەستدا، لەپێناوی بەرژەوەندییە میللییەکاندا ڕوو دەدات، وەکو ئەو جەنگەی لەنێوان تورکەکان و یۆنانییەکانی قوبرسدا ڕوویدا.

جەنگی جیهانی: هەر کاتێك مەیدانی شەڕ، لە سنووری ناوچە و چەند وڵاتێك تێپەڕی و زلهێزێکی ئابووری سەربازی گرتەوە، ئەوسا پێی دەگوترێت جەنگی جیهانی، وەکو ئەو دوو جەنگە وێرانکەرەی لە سەرەتا و ناوەڕاستی سەدەی بیستدا، لەنێوان دەوڵەتە ئەوروپییەکاندا ئاگرەکەی خۆشکرا[١].

ج- ئەگەر جەنگ لەنێوان دوو هێزی نابەرامبەر و سەر بە دوو ئاستی ژیاریدا ڕوو بدات، ئەوا دەکرێت بە دوو جۆر بێت:

- جەنگی داگیرکەرانەی ئیمپریالیزم، کە بەمەبەستی تیرۆرکردنی گەلانی سەرکەوتووی پێشکەوتوو لەسەر حسابی گەلانی ژێردەست و دواکەوتوو، دەکەوێتە ڕێ.

-جەنگی ڕزگاریحوازانەی گەلانی داگیرکراو، کە بەمەبەستی سەلماندنی مافە سیاسی و ئابووری و کەلتورییەکانی خۆیان و ڕزگارکردنی خاك و نیشتمانیان خەبات و شۆڕش دەکەن و بەگژ داگیرکەراندا دەچنەوە[٢].

---

١ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١.

٢ هەمان سەرچاوەی پێشوو و هەمان لاپەڕە.

## ٢-٤ دەرەنجامەکانی جەنگ:

جـەنگ ڕووداوێکـی کاریگـەرە، لەسـەر تێکـڕای لایەنـەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵ، بەتایبەت کە خـودی جـەنگ دەرچـوونە لـە حاڵەتی سروشتی و مرۆڤانەی ئەو کەسانەی دووچاری دەبـن، لـە ئەنجامی شەڕدا، ئارایشێکی تازەی هێزەکان دەسـت پێـدەکات، دەسـەلاتێك زاڵ دەبێـت و دەسـەلاتێکی تـر شکسـت دەخـوات، کۆمــەڵێك ســەر دەکــەون و دەگــەن بەخواســتی خۆیــان و کۆمــەڵێکیش دەکەونــە ژێــر مەرحەمــەت و بــەزەیی لایــەنی ســەرکەوتووەوە، زەوی و زار داگـیر دەکرێـت و سەرچـاوەکانی ئابووری دەستیان بەسەردا دەگیرێت و خەڵکێك بـەدیل دەگیرێـن و خـەڵکێك دەکـوژرێن. تـالان و دزی و فرانـدن دەسـتپێدەکات و حاڵەتی دڕندەیی باڵ دەکێشێت بەسەر سـیمای ژیـان و مرۆڤـدا، جگـە لـەوەی لەئـەنجامی جەنگـە گـەورەکان گۆڕانکـاری لـە مێژوودا، لە جوگرافیادا، لە پەیوەندیی مرۆڤەکان و گرووپـەکان و شێوەی بەڕێوەبردنی ژیاندا، ڕوو دەدات.

لـە ئـەنجامی فتوحـاتی ئیسـلامیدا، لـە سـەدەی حەوتـەم و هەشــتەمی زایینیــدا، نەخشــەی سیاســی جیهــان گــۆڕاو سیسـتمێکی تـازەی ئـابووری هاتـە ئـاراوە، کـە لەسـەر بنـەمای بیروبــڕوای ئیســلام بنیــات نرابــوو، خــەڵکانێکی زۆر لەبــەر کێشندەیی پەیامی بووبێت، یان لەبـەر سـووکردنی بـاری ژیـان،

چـــوونه بازنـــەی ئیســـلامەوە و بوونـــە هـــاوڵاتی لـــە دەوڵـــەتی خەلافەتدا [1].

دوابـــەدوای جـــەنگی جیهـــانی یەکـــەم، هەرێمـــەکانی ژێـــر دەسەڵاتی عوسمانی، بەمیراتی بران و درانە دەستی ئینگلیـز و فەڕەنســا و ئـــەمانیش بـــە ئـــارەزووی خۆیـــان هەســـتان بـــە دابەشـــکردنی و لـــە ئـــەنجامی سیاســـەتی ئینتیـــدابی ئـــەوان، دەرگای کۆچ کرایـەوە بـۆ جوولەکـەکانی دنیـا و ئامـادەکران بـۆ ئەوەی ببنە خاوەنی قەوارەی خۆیـان، لەسـەر حسـابی خـەڵکی فەلەستین.

جەنگی دووەمی جیهانیش، بووە هـۆی گۆڕانکـاریی گـەورە و گـران، لـە نەخشـە و جیۆپۆڵـەتیکی هـەموو هەرێمـەکانی دنیـا، جیهان بووە دوو بلۆکی سیاسی– ئـابووری و سـەربازی، بلـۆکی خۆرئـاوا بـــە ســـەرکردەیی ئـــەمریکا و بلـــۆکی خۆرهـــەڵات بـــە پێشەوایەتی یەکێتی سۆڤێت و قۆناغێکی تازە لە کێبڕکێـی هێـز دەسـتی پێکـرد، کـە بـە قۆنـاغی جـەنگی سـارد نـاوزەد کـراو درێـــژەی هـــەبوو تـــا کـــاتی داڕووخـــانی یـــەکێتی ســـۆڤێت و دەستپێکردنی قۆناغی تاکڕەویی ئـەمریکا لـە ئاغایـەتی جیهـانی سیاسەت و ئابووریدا. ئەمریکایەك کە بە لـۆژیکی هێـز دەیـەوێت

١ لەم بارەوە بڕوانە: تاریخ مختصر جهان، نوسراوی کۆمەڵێك زانای ئەورووپی و وەرگێڕانی بۆ فارسی: محمد تقی فرامرزی، ل٢٠٤.

هەموو لۆژیك و بنەمایەكی مرۆڤایەتی بخاتە ژێر ڕكێفی خۆیەوە و لە هەموو كێشەكانی دنیادا جێگە و چەمكی یاسای نێودەوڵەتی كردووە بە چەترێكی گونجاو بۆ خەملاندنی هەموو بڕیار و پلانێكی خۆی.

بەدرێژایی مێژوو لەپێناوی ئاشتی و ڕێگرتن لە جەنگ و دەرەنجامەكانی، هەمیشە كەسان و تەوژم و ئاڕاستەی كۆمەڵایەتی ئاشتیخواز و مرۆڤدۆست هەبوون، كە جەنگ و توندوتیژییان بە ڕێگەچارەیەكی نەزۆك و وێرانكەری كێشەكان زانیوە و خوازیاری ئەو ڕۆژە بوون، كە جەنگ لە فەرهەنگی مامەڵەی دەوڵەتان و گەلان بسڕێتەوە، لەبەرامبەریشەوە هەمیشە كەسانێك هەبوون، كە جەنگیان بە لوتكەی ئازایەتی و خۆسەلماندن پێناسە كردووە و بانگەشەی شەڕ و سەركەوتنیان كردووە، بۆ نموونە بیری فاشیستییەكانی ئیتاڵی و نازییەكانی ئەڵمانیا. بیرمەندێكی ئابووریزانێكی وەكو ماڵتۆسیش جەنگی بەئامرازێكی سروشتی بۆ ڕێگرتن لە تەقینەوەی دانیشتووان لەقەڵەمداوە. لەم ئاڕاستەیەدا نابێت هەوڵ و تێكۆشانی بازرگانەكانی جەنگیش فەرامۆش بكەین، كە شەو و ڕۆژ تێدەكۆشن بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ، مەبەست لە بازرگانانی جەنگ (خاوەنی كارخانەكانی چەكسازی)یە، وەكو

ئەوەی لە ساڵی ١٩٧١ پاڵیننا بە ئەمەریكاوە بۆ بەشداری لە جەنگی جیهانی یەكەمدا[1].

هەرچەندە لە حاڵەتەكانی بەرگری لەخۆ و خەباتی نیشتمانیدا، جەنگ ئەنجام و دەستكەوتی باش و لە هەندێك قۆناغی مێژوودا پێشكەوتنی تەكنەلۆژی لێدەكەوێتەوە، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی دیاردەیەكی وێرانكارییە و مرۆڤەكان و هەموو دەستاوەردێكی شارستانی لەناودەبات و دەبێتە هۆی تێكچوونی ڕواڵەتی ژیان و پشێوبوونی دەروونی و كۆمەڵایەتی و بڵاوبوونەوەی بێكاری و ڕێژەی تاوان و بەدڕەوشتی، بۆیە یاسای نێودەوڵەتی و ڕێكخراوە مرۆڤدۆستەكان بەتایبەتی (UN)، جەنگیان قەدەغە كردووە، مەگەر لە حاڵەتی دیاریكراودا و لەهەمانكاتدا بڕیار و دەستووری تایبەتیان داناوە سەبارەت بە خەڵكی مەدەنی و بریندار و دیلەكان و یاساغكردنی هەندێك چەكی كوشندەی دەستەجەمعی[2]. كە بێگومان هەموو ئەم بڕیار و دەستوورانە بەرهەمی عەقڵی ئاشتیخوازانی مرۆڤایەتین و لەگەڵ یاساكانی ئاینی ئیسلام یەكدەگرنەوە. بەڵام ترسناكترین دەرەنجامی شەڕ، بریتییە لە كوشتاری دەستەجەمعی خەڵكی مەدەنی و بێتاوان، كوشتنی كەسانی بێ لایەن و ژن و مناڵ و پیر

---

[1] موسوعة السیاسة، ١٧٣/٢.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، هەمان بەرگ و هەمان لاپەڕە.

و پەککەوتەکان و پـەیڕەوکردنی سیاسـەتی سڕینەوەی ڕەگـەزی، کـە هـەموو یاسـایەکی کـۆن و نـویێ قەدەغـەی دەکـات و ویـژدانی زینـدووی مرۆڤایـەتی لـە ڕێگـەی ڕێکەوتننامــە نێودەوڵەتییــەکان جڵەوگیری لێدەکات.

## ٣-٤ کۆتایی هاتنی جەنگ:

جەنگ سەرەنجام بە یەکێك لەم دوانە کۆتایی پێدێت:

یان لایەنی لاواز لەبەر تێکشکانی هێزی سەربازی و سستبوونی تان و پۆی ئەندام و دەزگاکانی تەسلیم بە لایەنی بـەهێز دەبێـت و چـیتر ناتوانێـت درێـژە بـە ململانـێ بـدات، یـاخود هـەردوو لەسـەر ڕێکەوتننامــەی ئاشــتی و لەچوارچــێوەی پاراســتنی هەنــدێك لــە داخوازییەکانیان پێکەوە سازش دەکەن و واز لە بـەکارهێنانی هێـز دەهێــنن. لــە هــەردوو حاڵەتەکــەدا هاوکێشــە و ســەنگی هێــزە مەیدانییــەکان و بـڕی توانـا و خواسـت و مەبەسـتە سـەرەکییەکان بەرجەستە دەبن. هەنووکـەش ڕێکخـراوی (UN) ڕۆڵێکـی بەرچـاو دەبینێـت بـۆ وەسـتاندنی جـەنگ و نەهێشـتنی ئاسـەوارەکانی و گەیشتن بە ڕێگەچارەی ئاشتییانە، بەتایبەتی لەو کێشـە گـەورە و گرانانەدا، کە ئەگەری دەستێوەردانی زلهێزەکان مەسەلەکە زیـاتر ئاڵۆز دەکات و مرۆڤایەتی دەخاتە مەترسی نەمانەوە[1].

---

[1] سەرچاوەی پێشوو، هەمان بەرگ و هەمان لاپەڕە.

## ٥-فتووحاتی ئیسلامی:

دوای ئــەوەی پێغەمبــەری ئیســلام (دروودی خــوای لەســەر) ماوەی نزیکەی سێزدە ساڵ بـە زمـانی گفتوگـۆ و ئیقنـاع لەگـەڵ قورەیشــییەکاندا هــەوڵی بڵاوکردنــەوەی ئاینەکــەی دەدا و ئــەوانیش بــە ئــازار و ئەشــکەنجەدان و ســووکایەتی و پیلانــی کوشتن وەڵامیان دەدایەوە، بڕیاری دا لەگەڵ خـۆی و یارەکـانی کۆچ بکەن بۆ شاری (یەسریب) کە دواتر نـاونرا (مدینـة الـنبي) و (المدینــة)، چــونکە لــە ســاڵی یازدەهــەمی پێغەمبەرایەتیــدا کۆمەڵێك لە خەڵکی مەدینەی لە مەوسیمی حەجدا بینیبـوو، کـە باسی ئیسلامی بۆ کردبـوون، دڵیـان بـۆ پەیامەکـەی کرابـووە و بەڵێنیان پێدابوو ساڵی داهاتوو لە هەمان کات و شوێندا لەگـەڵی کۆببنەوە، بـەو هیوایـەی کەسـانێکی تـر لـە خـەڵکی مەدینـەش ببنــە هاوڕێیــان و بــە بۆنــەی ئیســلامەوە، ڕق و کینــە و دوژمنایەتی دێرینەی نێوان ئـەوس و خـەزرەج، کـە دانیشـتوانی ئەسڵیی مەددینە بوون، نەمێنێت.

ســاڵی داهــاتوو (١٢) کــەس لــە خــەڵکی مەدینــە هــاتن و پــەیمانێکیان دا بـە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر) کـە پێـی دەگوترێت (بیعة العقبة الأولى) و لە کاتی گەڕانەوەشدا پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر) موسعەبی کوڕی عومەیری لەگـەڵ نـاردن

بۆ ئـەوەی فێـری قورئـان و ڕەوشـتـی ئیسـلامەتی و ئـەحکامیان بکات[1].

بـۆ سـاڵی دواتـر ژمارەیـەکی زۆرتـر واتــە (٧٥) کـەس، کـە دوانیــان ژن بــوون، هــاتن بــۆ مەککــە و مەوســیمی حــەجیان بەدەرفــەت زانــی بــۆ کۆبوونــەوە لەگــەڵ پێغەمبــەر و بەســتنی پەیمانێك کە لە سیرەدا بە (بیعة العقبة االثانیة) ناودەبرێـت. ئـەم پەیمانە لەوەی پێشوو گرنگتر بوو، چونکە خەڵکی مەدینـە ئـەو بەڵێنــەیان بــە پێغەمبــەر دا، کــە بــە گیــان و مــاڵ و بــە چــەك بەرگریی لە خۆی و یارەکانی بکەن[2].

بــەپێی ئــەم پەیمانــە دەرگــای کــۆچ و خۆڕزگــارکردن بــۆ موســڵمانان کرایــەوە و ســەرەنجام خــودی پێغەمبــەریش پــاش چەند مانگێك، بەهاوڕێیەتی ئەبوبـەکری سـدیق کۆچـی کـرد بـۆ مەدینە.

کــۆچ بــۆ مەدینــە، ســەرەتای قۆنــاغێکی تــازە بــوو بــۆ ئیسلامەتی و خاڵێکی وەرچەرخان بوو لەمێژووی جیهانـدا، هـەر بۆیە لە سەردەمی خەلافەتی عومـەردا، ڕووداوی کـۆچ بڕیـاردرا سەرەتای مێژووی ئیسـلامی بێـت[3]. بـەم ڕووداوە ناکۆکیـەکانی

---

[1] فقه السيرة، د.محمد سعيد رمضان البوطي، ل١٥٦– ١٥٧.

٢ هەمان سەرچاوە، ل١٦٤– ١٦٧.

٣ باماد اسلام، دكتور عبدالحسين زڕين كوب، ل٣١.

ئەوس و خەزرەج کۆتایی پێهات و کۆمەڵگایەکی تازە دروست بوو، کە بەتەواوی جیاواز بوو لە کۆمەڵگای قورەیش و مەککە. پێغەمبەر سەرەتا پەیمانی برایەتی لەنێوان کۆچەران و پشتیوانان (المهاجرين والأنصار) گرێدا و لەگەڵ جوولەکەکانی مەدینەش پەیمانی ئاشتی و دۆستایەتی بەست، ئاین لەم کۆمەڵگا نوێیەدا بووە بنەمای پەیوەندی و خزمایەتی، موسڵمان لە شاری مەدینە ئازادی و ئاسایشی پێویستیان بەدەستهێنا و زۆری پێنەچوو، بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەواز و بۆ بەرگریی لە خۆیان، ناچار بوون دەستویەخەی جەنگ بن[1]. ئەم جەنگانە کە چەند مانگێك دوای ڕووداوی کۆچ دەستیان پێکرد و لەئەنجامدا دەسەلاتی پێغەمبەریان لە شاری مەدینە چەسپاند و ئامڕازێکی پێویست بوون، بۆ ئەوەی لەو هەلومەرج و پشێوییەی عەرەبستاندا ئاینی ئیسلام جێگیر بێت، لەلایەکی ترەوە موسڵمانانی ئامادەکرد، بۆ هەڵمەت و جەنگی گەورەتر و هۆزەکانی عەرەبی زیاتر ڕادەکێشا بۆ ئیسلامەتی، چونکە سەرەڕای ئەوەی مەنتیقی هێز ئەوانی زیاتر ڕام دەکرد، لەکەناریشیا پەیامی خواپەرستی و گواستنەوەی عەرەب لە

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٣١– ٣٢.

دۆخی قەبیلەوە بۆ دۆخی ئوممەت، هێزێکی کێشندەی وەها بوو کە گیان و دڵ و ویژدانی ئەوانی کەمەندکێش دەکرد.

شەش ساڵ زیاتر لە کۆچ بۆ مەدینە تێنەپەڕیبوو، کە هێزی موسڵمانان دەیتوانی هەڕەشە لە مەککە بکات، بۆیە پێغەمبەر و یارانی بەژمارەیەکی زۆرەوە ڕوویان لە مەککە کرد و مەبەستیان ئەوەبوو بەشێوەیەکی ئاشتییانە حەج بکەن و لەهەمان کاتدا مانۆڕێکی سیاسی- سەربازی گەورە نمایش بکەن، بەڵام قوڕەیشیەکان بەم کارە ڕازی نەبوون و سەرەنجام لەنێوان پێغەمبەر و ئەواندا پەیمانێکی ئاشتی بۆ ماوەی (١٠) ساڵ مۆر کرا، کە بەناوی پەیمانی (حودەیبیە) ناوزەد کراوە. ئەم پەیمانە سەرکەوتنێکی سیاسی گەورە بوو، کە لەڕاستیدا بووە بەرایی فەتحی مەککە و دەرفەتێکی باش بوو بۆ بڵاوبوونەوەی ئیسلام لەناو هۆزەکانی عەرەبدا[١].

دوای پەیمانی حودەیبیە پێغەمبەر قەڵای خەیبەری لە جوولەکە زەوتکرد، بەم پێیە هەم لەلای قوڕەیشەوە دڵنیا بوو، هەم مەترسی لە پیلانی جوولەکە نەما، بۆیە دەستی کرد بە نامەناردن بۆ پادشایان و سەرانی ئەو سەردەمە بە مەبەستی بانگێشتکردنیان بۆ ئاینی ئیسلام بەشێوەیەکی ئاشتییانە و ڕێز

[١] هەمان سەرچاوە، ل٣٦.

و حورمەتەوە ڕووی نامەنووسینی تێکردن. خۆی وەکو خاوەنی بانگەوازێکی ئیلاهی بۆ هەموو مرۆڤ ناوزەد کردبوو، نەك تەنها بۆ گەلێك و نەژادێك، لەناو ئەواندا مقەوقسی فەرمانڕەوای میسر و نەجاشی پادشای حەبەشە بەڕێزەوە وەڵامی نامەکەی پێغەمبەریان دابووەوە، خەسرەوی پەروێز نامەکەی دڕاند و بە شایانی وەڵامیشی نەزانی، تزاری ڕۆمیش بەخاترانەی قەشە و پیاوانی ئاینی مەسیحی و دەربارەکەی، وەڵامێکی شایانی باشی نەدایەوەو خودی پێغەمبەر مەبەستی ئەوەبووە ئەرکی گەیاندنی پەیام جێبەجێ بکات و دەرگای ڕێنوێنییان لەسەر بکاتەوە، بۆیە لە وەڵامی سەلبی ئەوان نیگەران نەبوو، هەرچەندە دڵی بە وەڵامە ئیجابییەکان خۆشبوو[1].

سالّی هەشتەمی کۆچی پێغەمبەر فەتحی مەککەی کرد و لەئەنجامدا هۆز و تیرەکانی عەرەب کۆمەڵ کۆمەڵ موسڵمان بوون و نیوەدورگەی عەرەبستان لە سالّی نۆیەمی کۆچیدا تێکڕای لەژێر فەرمانی پێغەمبەردا بوون و گرنگی ئەم یەکپارچەییە لەوەدا بوو کە سنوورەکانی باکووری عەرەبستان کەوتنە بەر ئەگەری پەلاماری ڕۆمەوە و لە تەرەفی عێراقیشەوە تیرەو تایەفە عەرەبەکان جاروبار لەلایەن فارسەکانەوە تووشی

---

[1] بامداد اسلام، د.عبدالحسین زرین کوب، ل٣٦.

داپلۆسین دەبوون و ئەمانیش بیریان لە تۆڵە دەکردەوە، بۆیە سەرهەڵدانی ئیسلام فرسەتێکی باش بوو بۆ ئەوەی عەرەب لە لەحزیەکی مێژووییدا خۆیان وەکو دەسەڵاتێکی یەکگرتووی پەیامدار ببینن و لەم ئاڕاستەیەدا پێ بنێنە قۆناغێکی نوێوە.

بەتایبەت کە لەو ڕۆژگارەدا ئێران و ڕۆم لە ئەنجامی ململانێی نێوانیان لەوپەڕی سستی و لاوازیدا بوون و لەتاو جیاوازی مەزهەبی توێژەکانی خەڵك بەتەواوی ناڕازی و یاخی بوون، لەهەردوو ئیمپراتۆریدا زنجیرەی پاشاکان ببوە زنجیرێك لە خیانەت و پیلان.[1]

عەرەبە موسڵمانەکان هەڵگری ئاڵای ئیسلام و پەیامی قورئان بوون و یەکپارچەیی و یەکڕیزی خۆیانیشیان بەم پەیامە دەستکەوتبوو، بۆیە دوای کەمتر لە چارەکە سەدەیەك کۆمەڵە هەڵمەت و پەلامارێکیان دەستپێکرد، کە دواتر بە فتووحات ناوزەدکرا و بە بۆچوونی مێژوونووسان سەرسوڕهێنەر بوو، چونکە لەشکرکێشی ڕۆمەکان بەو خێراییە بوو، نە جیهانگرتنی مەغۆلەکانیش ئەوەندە درێژەی کێشا[2]. بەجۆرێك لە ماوەی

[1] هەمان سەچاوەی پێشوو، ل٧٦.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

دوازده ساڵدا له تریپۆلییه‌وه تا دوورترین شاری ئێران و هه‌موو میسر و شام و ئێرانی گرته‌وه.[1]

له هه‌مووی سه‌یرتر ئه‌وه‌یه که فتووحات دروست له هه‌لومه‌رجێکدا ده‌ستی پێکرد، که به هۆی کۆچی دوایی پێغه‌مبه‌ره‌وه، خودی په‌یامی ئیسلام له‌مه‌ترسیدا و کاروباری موسڵمانانیش په‌رێشان بوو، له‌لایه‌کی دیکه‌وه مشتومڕ له‌سه‌ر میراتی له‌نێوان کۆچه‌ران و پشتگیریان دروست بوو، له‌لایه‌کی تره‌وه ژماره‌یه‌کی به‌رچاو له هۆزه‌کانی عه‌ره‌ب هه‌ڵگه‌ڕابووبوونه‌وه، به‌ڵام بڕیار و لێهاتوویی ئه‌بوبه‌کر کۆتایی به‌مشتومڕی مه‌دینه و ئاشووبی عه‌ره‌به‌کان هێنا.[2]

ئه‌بوبه‌کر دواتر ده‌رفه‌تی ده‌سکه‌وت که غه‌زاکانی پێغه‌مبه‌ر درێژه‌پێبدات و له شام و ئێراندا ئاینی ئیسلام بڵاو بکاته‌وه.

فتووحاتی ئیسلام بزاڤێکی درێژخایه‌ن و فره ڕه‌هه‌ند و جیهانگیر بوو، له ماهیه‌ت و ئامانج و ده‌ره‌نجامه‌کانیدا زۆر جیاواز بوو له له‌شکرکێشی ئیمپراتۆر و سه‌رداره‌کانی مێژوو.

خۆرهه‌ڵاتناسه‌کان و شاگرده‌کانیان هه‌وڵێکی زۆریان داوه فتوحاتی ئسلامی وا وێنا بکه‌ن، که ته‌وژم و شاڵاوێکی عه‌ره‌بی بووه، بۆ ژێرده‌ستکردنی گه‌لانی تر و داگیرکردنی وڵاتانی تر و

---

[1] سیرة عمر بن الخطاب، علي الطنطاوي، ل١٠٩.

٢ بامداد اسلام، د.زرِین کوب، ل٧٧.

مەبەسیشــیان ئــەوە بــووە ڕووی ڕاســتەقینەی ئــەو مێــژووە بشێوێنن، بێگومان هەرکەسێك بەدوور لە ئایەتـەکانی قورئـان و فەرموودەکانی پێغەمبەر و ڕێنماییـەکانی خەلیفـەکانی ڕاشـیدین بۆ ئەم پرۆسەیە بڕوانێت و تەنها سەیری ڕووکەشـی ڕووداوەکـان بکات و سەرنجێك لەباری ژیانی گەلانی ئەو ڕۆژگارە نـەدات، هـەر ئەو تەسەوورەی خۆرهەڵاتناسەکانی لەسەری بۆ دروست دەبێـت و خـاڵی دەکاتـەوە لـە هـەموو بارگـە و خەسـڵەتێکی ئینسـانی، لەحاڵێکدا ئەگەر بە وردی لە ژیانی تاك و کۆمەڵی ژێر دەسـەڵاتی فــارس و ڕۆم ســەرنجبدات و بزانێــت لــە ئێرانــدا چ پشــێوی و ســتەمێك لــە خــەڵکی هــەژار دەکـرا و لــە شامیشـدا چ فشــار و گوشارێك دەخرایـە سـەر مەسـیحییە یەعقووبییـەکان[1]، ئەوسـا شکستی هەردوو زلهێـز بـە ئـەنجامێکی حـەتمی و زەروورەتێکـی مێژوویی دێتە بەرچاو، بەتایبەتی ئەگـەر بـزانین هـاتنی ئیسـلام ئەو خەڵکەشی لـەو هـەموو بـاج و سـەرانە قورسـانەی لەسـەریان دانرابوو ڕزگار کرد.

---

[1] بامداد اسلام، ل٧٨.

## ٥-١ ئامانجەکانی فتووحاتی ئیسلامی:

مەبەست لە ئامانجەکانی فتووحات ئەو فاکتەرە گرنگانەیە کە پاڵینا بە عەرەبە موسڵمانەکانەوە، بۆ ئەوەی لە نیوەدورگەی عەرەبەوە لەشکرکێشی بکەن بۆ دەرەوە، بۆ ئێران و عێراق و میسر و باکووری ئەفەریقا و ئاسیا و ئاسیای بچووك و...هتد. لەحاڵێکدا خۆرهەڵاتناس و هەندێك لە نووسەرە هاوبیرەکانیان ویستوویانە دەسکەوت و وڵاتگرتن بکەنە ئامانجی ئەو شەڕانە، عەرەبە ناسیۆنالیستەکان هەوڵیانداوە ڕزگارکردنی خاکی عەرەب بە ئامانجێکی سەرەکیی فتووحات دابنێن،[1] لەم گۆشەیەدا ئاماژە بۆ ئامانجەکانی فتووحات دەکەین، بەپێی ئەو سەرچاوانە لەبەردەستدان.

### ٥-١-١ ئامانجی ئابووری:

دۆڵی دیجلە و فورات و دیلتای نیل و شام لە ڕووی بەروبووم و کشتوکاڵەوە، دەیتوانی پارسەنگی هەژاری و نەداریی عەرەبستان بداتەوە، هەربۆیە عەرەبە موسڵمانەکان هێرشیان هێنایە سەر ئەم وڵاتانە، لەلایەکی ترەوە فراوانبوونی ڕووبەری خەلافەت ئەوەی دەخواست کە موسڵمانەکان بەدوای

---

[1] بۆ نموونە العقید محمد فرج، لە پەڕاوی (المثنى بن حارثة الیماني)، ل٦٣- ٦٤. بڕوانە: الجهاد والقتال، ١/٥٥٨.

سەرچاوەی ئابووری زیاتردا بگەڕێن، کە بێگومان فتووحات و لەشکرکێشی ئەم مەبەستەی بۆ دابین دەکردن[1].

ئەڵبەتە فاکتەری ئابووری لە ئاسۆیەکی سنووردارادا ڕۆڵی لە چاککردنی باری ژیانی موسڵماناندا هەبووە و باری گوزەرانی ئەوانی باشتر کردووە، بەڵام خۆ ئەمە دەرەنجامی فتووحاتە و ناگونجێت بۆ خۆی بووبێتە هێزێکی تەکاندەر و پاڵی بەو خەڵکەوە نابێت بۆ شەڕکردن و وڵاتگرتن بەتایبەتی ئەگەر بزانین لە تەرازووی هێز و توانا مادددییەکاندا موسڵمانەکان بە بەراورد لەگەڵ فارس و ڕۆم و لاوازو بێ ئیمکانیات بوون و نەخشەیەکی سەربازیی ڕۆشنیشیان نەبووە، وەکو زەڕینکووب دەڵێت[2]. کەواتە جگە لە پاڵنەری بیرو بڕوا و باوەڕبەخۆبوون، هیچ ئامانجێکی ماددی نەیدەتوانی ئاوەها بەو بڕیار و بڕتەوە بیانخاتە سەر ڕێگەی هات و نەهات.

---

١ الخراج والاقطاع والدولة، الفضل شلق، مقدمة في التراث الاقتصادي الاسلامي، ل١٤.

[٢] بامداد اسلام، ل٨٨.

### ٥-١-٢ ئامانجی سیاسی:

هەندێکی تر پێیان وایە مەبەستی خەلیفە لە پرۆسەی فتووحات ئەوەبووە عەرەبەکان بە جەنگی دەرەکییەوە خەریك بکات و لەناو جەنگ جیهان نەیانپەرژێتە سەر تۆڵە و یادەوەریە کۆنەکانی پێش ئیسلام و وردە وردە خوو بگرن بەو سیستەمە کۆمەڵایەتیە نوێیەو بێکارەکانیش لە فیتنەبازی و یاخیبوون و دوور دەکەوتنەوە و بۆخۆیان کارێکیان پەیدا دەکرد[1].

ئەم خاڵە ئەگەر بێتوو بەجددیش وەریبگرین لەلایەکەوە دووربینی و سیاسەت و لەلایەکەوە پلانێکی سیاسی ڕەوای تیا دەبینین، چونکە ئەمڕۆکەش دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی دنیا، بەهەموو شێوەیەك بیر لە ڕێگرتنی فیتنە دەکەنەوە و بوونی هەڕەشەیەکی جددی لە دەرەوەی سنوور بەفاکتەرێکی یەکبوونی میللی لەقەڵەم دەدەن و بە هەند وەریدەگرن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتاکوو ناتوانین ڕێگرتن لە فیتنەی ناوخۆیی و بێکاری بەئامانج بزانین، چونکە جەنگیش بۆخۆی ئاسەوار و ئەنجامی ترسناکی هەیە و بەبێ هۆیەکی ڕاستەقینە خەلیفە نەیدەتوانی ئەو لەشکر و جەنگاوەرانە تەیار بکات و بیانخاتە ڕێ.

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٧٨.

## ٥-١-٣-ئامانجی بەرگری و پارێزگاری:

یەکێکی تر لە ئامانجەکانی فتووحات وەکو لە هەندێك سەرچاوەدا بەرچاو دەکەوێت، بریتی بووە لە بەرگری لە خاکی ئیسلام، چونکە موسڵمانەکان مەترسیان هەبووە لە پەلاماری فارس و ڕۆم، ، لەو ڕووەوە کە هەم فارسەکان و هەم ڕۆمەکان لە سەردەمی پێغەمبەردا شەڕیان لە دژی ئیسلام ڕاگەیاندبوو، بۆیە موسڵمانەکان هاتنە سەر ئەو بڕوایەی کە چاکترین بەرگری هێرشبردنە[1].

بەڵام ئەم بۆچوونە ناتوانێت تەفسیری ئەوە بکات بۆچی دوای گرتنی ئێران و موسڵمانەکان پەلاماری جێگاکانی تریشیان دا، ڕێی تێدەچێت لە قۆناغێکی فتووحاتدا مەبەستیان بەرگری لە خۆیان بووبێت، بەڵام گشتاندنی بەسەر هەموو قۆناغەکانی فەتحی ئیسلامیدا، کارێکی نامەنتیقی و هەڵەیە.

## ٥-١-٤ ئامانجی مرۆڤدۆستانە:

ڕزگارکردنی گەلانی ژێردەست و ستەملێکراو ئامانجێکی تری فتووحاتی ئیسلامییە، وەکو لە هەندێك لە دەق و نووسیندا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە کاتێك فارسەکان لە ڕەبعی کوڕی عامر دەپرسن: ئێوە بۆچی هاتوون؟ لە وەڵامدا دەڵێت: خوا

[1] الجهاد والقتال، ل٥٧٠– ٥٧١.

ئێمـەی هێنـاوە بـۆ ئـەوەی هەرکـەس بیـەوێت لـە بەندایـەتی بەندەکان دەربازیکـەن بـۆ بەندایـەتی خـوا و لـە تەنگانـەی دنیـا بیگوێزینـەوە بـۆ گوشـادەیی و لـە سـتەمی ئایەنـەکان بیهێنینـە دادگەریی ئسلامەوە[1].

دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە، بێگومان فاکتەرێکی مەعقولـە بۆ ئەوەی هێزێکی بالآدەست، لەسەر کەسێك، گروپێـك و گـەلێك بێتە جواب و بە کردەش دەربازی بکات و بیپارێزێت، بـەلآم ئـەم فاکتـەرە ئەگـەر بەسـەر گەلـە بندەسـتەکاندا ڕاسـت دەرچـێت، ڕەنگـە بەنیسـبەت هـەموو بـەرەکانی جـەنگی فتووحاتـەوە ڕێـك نەیەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا زۆر مەعقولە یەکێك لـە ئامانجـەکانی جیهاد لە ئیسلامدا پراکتیزەکردنی ئـەو ئایەتـە پـیرۆزە بێـت کـە دەفەرموێت: ﴿وَمَا لَكُمْ لَا تُقَاتِلُونَ فِي سَبِيلِ اللَّـهِ وَالْمُسْتَضْـعَفِينَ مِنَ الرِّجَالِ وَالنِّسَاءِ وَالْوِلْدَانِ الَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَخْرِجْنَـا مِـنْ هَـٰذِهِ الْقَرْيَةِ الظَّالِمِ أَهْلُهَا وَاجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّـا وَاجْعَـل لَّنَـا مِـن لَّـدُنكَ نَصِـيرًا﴾[2]. واتـە: "ئـەوە چـیتانە لـە ڕێگـەی خـوا و لـەپێناوی پیـاوان و ژنـان و منـالآنی زۆرلێکـراودا ناجـەنگن، ئـەو کەسـانەی دەپاڕێنــەوە: خوایـە لـەم شـوێنە کـە خەڵکەکـەی سـتەمکارن ڕزگارمان بکە".

---

[1] الجهاد والقتال، ل٥٧٦.

[2] نساء ٧٥.

### ٥-١-٥. ئاما نجی ڕزگارکردن:

ئەمەش بەلای هەندێك لە توێژەرانەوە، هۆکارێکی ترە کە پاڵینا بە عەرەبە موسڵمانەکانەوە، بۆئەوەی ئەو زەوی و زارە عەرەبییانەی گوایا فارس و ڕۆم داگیریان کردبوو لەدەستیان بسەننەوە، دیارە ئەو کەسانەی ئەم جۆرە قسانە دەکەن، بزانن یا نەزانن، کەوتوونەتە بەر کاریگەری بیری نەتەوەیی و لەو ڕوانگەیەوە دەیانەوێت فتووحاتی ئیسلامی بخوێننەوە، کە بێگومان بۆچوونێکی هەڵەیە و هەرگیز بەسەر بزاڤی موسڵمانەکاندا ناچەسپێت، چونکە موسڵمانەکان لە سنووری عێراق و شامدا نەوەستاون و زۆر لەو وڵاتانەی کە گرتیان خاکی عەرەب نەبوون، بۆنموونە میسر و باکووری ئەفەریقا لەو ڕۆژگارەدا بە خاکی عەرەب نەدەزانرا، جگە لەوەی موسڵمانەکان هەر شوێنێکیان لەدەست غەیرە عەرەبەکان بسەندایەتەوە، ئەوانیان لێ دەرنەدەکرد، بەڵکو سەرپشکیان دەکردن لەنێوان مانەوە و بەجێهێشتندا[1].

---

[1] الجهاد والقتال، ل٥٧٧.

## ٥-١-٦ ئامانجی ئاینی:

زۆربەی نووسەرە موسڵمانەکان لە کۆن و تازەدا، دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە ئامانجی سەرەکی فتووحات ڕێخۆشکردن بووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام وەکو دوا بژاردەی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئەو سەردەمەدا.

ئیمامی کاسانی لە (بدائع الصنائع)دا دەڵێت:

"خاوەن ئاینەکانی تر شەڕیان بۆیە لەگەڵ ناکرێت، لەبەر ئەو پەیمانەی پێیان دراوە و ئەوەی ئامادەن سەران بدەن، نەك لەبەر ئەوەی موسڵمانەکان حەزیان لەو سەرانەیە بێت، یا تەماعیان تێکردبێت، بەڵکو بۆ ئەوەی بانگ بکرێن بۆ ئیسلام، تێکەڵی موسڵمانان ببن و لە جوانییەکانی ئیسلام و یاساکانی وردببنەوە و سەرنج بدەن چۆن لەسەر داخوازیی هۆش دامەزراوە و هۆش پەسەندیان دەکات، بەم شێوەیە ڕایاندەکێشێت بۆ ئیسلام و مرخیان دەچێتەسەری، کەواتە پەیمانبەستن لەگەڵ ئەهلی زیممە بەهیوای ئیسلامبوونیان بووە"[١].

لە زانایانی هاوچەرخدا شێخ عەلی تەنتاوی دەنووسێت:

---

[١] هەمان سەرچاوە، ل٥٦٠.

"هەموو فتووحاتێك لە مێژوودا بەمەبەستی ئەوە بـووە وڵاتـە گیراوەکان بحرێنە سەر موڵك و دەسەڵاتی سەرکەوتووان، ئـەمان بەهرەمەند ببن لە بەروبوومی، جگە لە فتووحاتـی ئیسـلامی، کـە ئامانجی وای نەبووە و لـەپێناوی بڵاوکردنـەوەی ئیسـلامدا بـووە بەبێ زۆر لێکردن لە کەس"[1].

کاتێـك تەماشـای قورئـان و سـوننەتی پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەر) یش دەکەین دروستی ئەم بۆچوونەمان بۆ ئاشـکرا دەبیت، چونکە:

١- لە زۆر ئایەتدا جـەنگ بەسـتراوەتەوە بەچـەمکی پێنـاوی خوا (فی سبیل الله)وە.

٢- لـە زۆر ئایەتـدا جـەنگ بەسـتراوەتەوە بـە وەڵامدانـەوەی ستەم و سزای ئەو کەسانەوە کە دژایەتی ئیسلام دەکەن.

٣- لە هەندێك ئایەتدا موسڵمانان تـەنها کاتێـك بۆیـان هەیـە بجەنگن کە هێرشـیان کرابێتـە سـەر، ئەگـەر کافرەکـانیش داوای ئاشتییان کرد، پێویستە ئەمانیش ئاشتییان بوێت.

٤- لە هەندێك ئایەتدا ئامانج لـە جـەنگی کـافران نەهێشـتنی فیتنە و ئاشووبگێڕانە.

---

[1] سیرة عمر بن الخطاب، علی الطنطاوی، ل١١١- ١٠٩.

٥- لـه فـەرموودەی پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەر) دا هاتووە کە: "من قاتل لتكون كلمة الله هي العليـا فهـو في سـبيل الله"[1].

واتـە: هەرکەسـێك بجـەنگێت تـەنها بـۆ ئـەوەی وشـەی خـوا بەرزترین وشە بێت، هەر ئەوە تێکۆشەری ڕێگەی خودایە.

کاتێـك شـیکردنەوە بـۆ ئـەم ئامانجـە دەکـەین، بۆمـان دەردەکەوێت ئامانجی سەرەکی فتووحـات بڵاوکردنـەوەی ئـاینی ئیسلام بووە، هەرچەندە زۆر سروشتییە لەناو ئاپۆڕەی سـوپای ئیسلامدا کەسانێك بووبن کە بۆ دەسکەوت و ناوبانگ و ئامـانجی جیـاواز لـە پرانسـیپە ئاینییـەکان لەگـەڵ خەڵکەکـە کـەوتبن و شەڕیان کردبێت، وەکو پێغەمبەر (درودی خوای لەسـەر) خـۆی لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت:

(فمن كانت هجرته لامراة ينحكها او دنيـا يصـيبها فهجرتـه إلى ما هاجر اليه)[2].

واتە: هەرکەس لەبـەر مـارەکردنی ژنێـك، یـان دەسـکەوتێکی دنیایی کۆچ بکات، ئەوە پاداشتەکەی هەر ئەوەیـە کـە دەسـتی دەکەوێت و بەتەمای پاداشتی دواڕۆژ نەبێت.

---

[1] صحيح البخارى ٢٠٥/٤

[2] هەمان سەرچاوە ١/ل١.

لەمەوە تێدەگەین جەنگی ئیسلام جەنگێکی بڕوایی ئاینی بووە، جەنگێکی ناسیۆنالیستی، چینایەتی، ڕەگەزایەتی، حیزبایەتی و ئابووری نەبووە، جەنگێکی ئیستعماریش نەبووە، چونکە نەتەوە ژێردەستەکان هەمیشە ئەو خیارەمان لەبەردەستدا بووە کە موسڵمان بن و هەموو ماف و ئیمتیازاتێکی موسڵمانەکانیان هەبێت و ئەگەر سوڵحیشیان کردبێت، بەسەر زەوی و زار و خاکی خۆیانەوە بمێننەوە.

## ٥-٢ ئەنجامەکانی فتووحات:

فتووحاتی ئیسلامی وەکو بزاڤێکی سیاسی گرنگ بوو، ڕووداوێکی گرنگی مێژوویی و هێڵی یەکلاکەرەوەی نێوان دوو قۆناغ و دوو سەردەم بوو، چونکە ئەنجامی گەورە و گرانی لە هەموو ڕوویەکەوە لێکەوتەوە. لە ڕووی سیاسیەوە جیهانی کرد بە دوو هەرێمەوە:

هەرێمی (دار الإسلام) هەرێمی (دار الكفر).

مەبەست لە (دار الإسلام) ئەو شوێنانەیە کە هەم سیستمی دەسەڵات ئیسلامی بێت و هەم هێزی پارێزەری وڵاتیش هی موسڵمانان بێت.

مەبەست لە (دار الكفر)یش ئەو شوێنانەیە كە دەسەڵات هی دوژمنانی ئیسلام بێت.[1]

دواتر زاناكان چەمكی (دار الصلح)یان بەخشیە ئەو شوێنانەی پەیمانی ئاشتیان لەگەڵ موسڵمانان دەبەست،[2] لە ڕووی ئابووریەوە سیستمی (ئەقتاعی سەربازی) كە بێگومان جیاوازیەكی جەوهەری هەیە لەگەڵ ڕژێمی (ئەقتاعی ئەوروپی)، هەرچەند لە ڕووی ناوەوە بە هەردووكیان دەگوترێت (ئەقتاع)، چونكە ئەقتاعی سەربازی ناو موسڵمانان بریتی بوو لە دابڕینی زەوی بۆ ئەو كەسانەی كە مۆڵەتی سەرمایە گوزاریان لەلایەن خەلیفەوە پێ دەدرا، بەڵام مافی موڵكایەتیان لەسەری نەبوو، بۆیە ڕۆڵی خاوەن زەوی بە پەیوەندی ئەوان و دەوڵەت دیاری دەكرا بە پێچەوانەی سیستمی ئەقتاعی ئەوروپی كە بە پێی پەیوەندی ئەوان و كرێگرتەكان ڕێك دەخرا.

بەم پێیە لە ئەقتاعی سەربازیدا دەوڵەت خۆی خاوەنی زەوی بوو، بەڵام لە فیودالێزمی خۆرئاوادا دەرەبەگ و فیودالەكان خۆیان خاوەنی زەوی بوون.[3]

---

[1] الجهاد و القتال، د. محمد خير هيكل، ١/٦٧٧.

[2] انسان دوستی در اسلام، مارسيل بوازار، ل ١٧٦.

[3] الخراج والاقطاع والدولة، الفضل شلق، ل٦٣.

ئەمە ڕاستیە کە لە فیقهی ئیسلامدا جەختی لەسەر کراوەتەوە.[1]

لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە گۆڕانکاری لە سیستمی کۆیلایەتیدا دروست بوو، سیستمێك کە ساڵەهای ساڵ پێش ئیسلام لە ناو گۆمەڵگا و دەوڵەتەکاندا ئامادەگی هەبووە.

ئیسلام هەرچەندە لەبەر ئەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری لەبار نەبووە بە دەقێکی تایبەت کۆیلایەتی هەڵنەوەشاندووە، بەڵام هات بەهانەی زۆری بۆ ئازادکردن و ڕزگاربوونیان دۆزییەوە، بۆ ئەوەی وردە وردە سیستەمە دژ بە مرۆڤە لەبن دەربێنێت.

بۆ نمونە ئازادکردنی کۆیلە کرد بەیەکێك لە ڕێگاکانی شتنەوەی گوناه و تاوان. کاتێك بڕیاری دا هەر کەسێك سوێند بەناهەق بخوات یان خێزانەکەی بە دایك و خوشکی بشوبهێنێ، یان بە هەڵە کەسێك بکوژێت، یان بە ئەنقەست لە ڕەمەزاندا ڕۆژوو بشکێنێت، لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا پێویستە کۆیلەیەك ڕزگار بکات. لە لایەکی ترەوە ئەو مافەی بە کۆیلە ڕەوابینیوە کە بتوانێت خۆی بکڕێتەوە.

---

[1] اقتصادنا، محمد باقر الصدر، ل ٥٠٩– ٥١١.

هەروەها لە کاتی دابەشکردنی زەکاتدا بڕێك لەو پارەیە دەدرایە کۆیلەکان بۆ ئەوەی خۆیانی پێ ئازاد بکەن. لەملاشەوە پێویستی کرد لەسەر گەورەکانیان، کە ڕەفتارێکی مرۆڤانە بکەن لەگەڵ کۆیلەکاندا، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لەم بارەیەوە فەرمووبووی: "اتقوا الله في ماملكت أيمانكم، أطعموهم مما تأكلون، وأكسوهم مما تكسون ولا تكلفوهم في العمل ما لا يطيقون".

بەڵام بەداخەوە ئەم سیاسەتە مرۆڤدۆستانە گۆڕانی بەسەردا هات، لە سەردەمی عەباسیەکاندا بوویە بازرگانیەکی وەها کە بازاڕی کۆیلە فرۆشی پێداهێنرا، کە ئەمەش بۆ خۆی دەرەنجامی ترسناکی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی لێکەوتەوە و سەرەنجام دەوڵەتی عەباسی لێك هەڵوەشاند.[1]

لە ڕووی ژیاریەوە، ژیارێکی ئیسلامی پرشنگدار هاتە بوونەوە کە بەتەعبیری (زەڕینکوب): چەند سەدەیەك پێشڕەوی هەموو جیهانی شارستانی و پەروەرشیاری فەرهەنگی مرۆڤایەتی بوو، پایتەختی ڕاستەقینەی ئەم ژیارە قورئان بوو، نەوەك شام و عێراق.[2]

---

[1] تأريخ القوانين، د. على محمد جعفر، ل٢٨٠– ٢٨١.

[2] كارنامه اسلام، د. عبد الحسين زرين كوب، ل٢١– ٢٢.

## ٦-ئەنفال لە سیستمی فیقهی ئیسلامدا:

وەك گوتمان ئەنفال ناوی ئایەتی یەكەمی سوورەتی هەشتەمی قورئانە و لەوێشەوە كراوە بەناوی سوورەتەكەی، ئایەتەكە خۆی بەم شێوەیەیە [يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنفَالِ قُلِ الْأَنفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ](1). واتە: پرسیارت لێدەكەن سەبارەت بە ئەنفال، بلّێ: ئەنفال هی خوا و پێغەمبەرە، كەواتە لە خوا بترسن و نێوانی خۆتان چارەسەر بكەن و گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەكەی بن ئەگەر لەڕاستیدا بڕوادران.

ئەم ئایەتە لەناو موفەسسیرەكاندا قسە و باسی زۆری لێكراوە، بەتایبەتی لەو ڕووەوە كە چ پەیوەندییەكی بەئایەتەكانی تری قورئانەوە هەیە، واتە ئەو ئایەتانەی باسی موڵك و ماڵ و دارایی و دەستكەوتی جەنگ دەكەن. هەندێك پێیان وایە ئەم ئایەتە بە ئایەتی چل و یەكی هەمان سورەت نەسخ كراوەتەوە،(2) كە ئەڵبەتە بەسەرنجدان لە مەرجەكانی نەسخ ئەم بۆچوونە هەڵەیە، چونكە موفەسیر یان فەقیە لەكاتێكدا پەنا دەباتە بەر نەسخ كە نەتوانێت چەمكی دوو ئایەت پێكەوە گرێ بدات، لەحاڵێكدا بەلای زۆربەی زانایانەوە دەگونجێت ئایەتی

(1) الانفال: ١.

(2) آيات الأحكام، الصابوني، ٦٦٧/١.

ئەنفال و ئایەتی غەنیمەت بە دوو ئایەتی هاومەبەست دابنرێن و تەنها جیاوازییان لەوەدا بێت کە ئایەتی یەکەم بڕیارێکی گوشراو و تێکڕایی (مجمل)ەو ئایەتی دووەم ئەو بڕیارەی ورد کردووەتەوە واتە (تفصیل)ی پێداوە[1]. لای هەندێك زانا شەڕ دەستی موسڵمانان دەکەوێت[2] وەکو بڵێیت خەڵکی پرسیاری ئەوەیان لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) کردبێت، کە کەژ و کێو و شیوو و دۆڵ و ڕووبار و ئەو شوێنانەی خاوەنیان دیار نییە یان ئاوەدان نەکراون و ئەو زەویانەی ئاودێری و کشتیان لێنەکراوە، چ بڕیارێکیان لەسەرە؟ و لە ئەنجامدا پێویستە چۆن بەهرەیان لێ وەربگیرێت؟

**کەواتە ئەنفال بەکورتی سێ چەمك هەڵدەگرێت:**

١-چەمکی دەسکەوتی جەنگ، وەکو بۆچوونی زۆربەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت.

٢- چەمکی فیئ وەك بۆچوونی زانایانی شیعە.

٣- چەمکێکی فراوانتر لە غەنیمەت و فەیئ، واتە هەر ئیمکاناتێك کە مسوڵمانان لە دوژمنەکانیانەوە بێتە دەستیان،

---

١ هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

٢ فقه الامام جعفر الصادق، ٢/١٣٠.

به جەنگ بێت یان بەبێ جەنگ، وەکو د. نەزیە حەمماد ئاماژەی پێدەکات[1].

ئایەتی ئەنفال یەکێکە لەو ئایەتانەی سەبارەت بە دارایی دەوڵەتی ئیسلامی هاتووەتە خوارەوە.

ئایەتەکانی تر بریتین لە:

١-ئایەتی (الجزیة): ﴿قَاتِلُوا الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَا بِالْيَوْمِ الْآخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ الْحَقِّ مِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ حَتَّى يُعْطُوا الْجِزْيَةَ عَن يَدٍ وَهُمْ صَاغِرُونَ﴾[2].

واتە: "بجەنگن لەگەڵ ئەو کەسانەی باوەڕیان بە خوا و بە ڕۆژی دوایی نییە و حەرامی خوا و پێغەمبەری خوا بە حەرام نازانن و ئاینی ڕاستەقینەی پەیڕەو ناکەن، واتە ئەوانەی خاوەن کتێبی ئاسمانین، تا ئەو کاتەی ئامادە دەبن سەرانە بدەن و ملکەچی ئیسلام بن".

٢-ئایەتی (الغنائم): ﴿وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ﴾[3].

---

[1] معجم المصطلحات الاقتصادية، ٨٦.

[2] التوبه ٢٩.

[3] الانفال ٤١.

واتە: "بزانن هەر شتێکتان دەست بکەوێت پێنجیەکی بۆ خوا و پێغەمبەر و هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانە".

٣-ئایەتی (الفیء): ﴿وَمَا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْهُمْ فَمَا أَوْجَفْتُمْ عَلَيْهِ مِنْ خَيْلٍ وَلَا رِكَابٍ وَلَكِنَّ اللَّهَ يُسَلِّطُ رُسُلَهُ عَلَى مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (٦) مَّا أَفَاءَ اللَّهُ عَلَى رَسُولِهِ مِنْ أَهْلِ الْقُرَى فَلِلَّهِ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنكُمْ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ﴾[1].

واتە: "ئەو شتانەی خوا گێڕایەوە بۆ پێغەمبەرەکەی لەوان (لە جوولەکەی بنی النضیر)، ئێوە بە سوارە و بە پیادە واتە بەشەڕ بەدەستتان نەهێنابوو، بەڵکو خوا خۆی پێغەمبەرانی زاڵ دەکات بەسەر کەسێکدا کە بیەوێت و خوا بەسەر هەموو کارێکدا توانایە * هەروا هەر شتێك لە دارایی خەڵکی تریش خوا بەبێ شەڕ بیخاتە دەستی پێغەمبەر ئەوە بۆ خوا و پێغەمبەرە و هەرچی پێوتن وەریبگرن و لەهەرچیش ڕێی لێگرتن دەست هەڵگرن و لە خوا بترسن، چونکە خوا سزای توندی لەلایە".

کاتێك سەرنج لەم ئایەتانە دەدەین هەرکامێکیان دەبێتە یاسا بۆ چۆنیەتی بەکارهێنان و دابەشکردنی ئەو سەرمایەیەی لەئەنجامی مانۆڕی هێزەکانەوە دەست دەکەوێت.

---

[1] الحشر: ٦ و ٧.

ئایەتی جیزیە بووەتە بنەمای مامەڵە لەگەڵ ئەو گاور و جووانەی ڕازین بە ژیان لە سایەی دەوڵەتی ئیسلامیدا و پێویستە سەرانە بدەن، وەك چۆن موسڵمانی سەرمایەدار پێویستە زەکات بدات، بۆ هاوسەنگکردنی باری گوزەرانی کۆمەڵ. ئایەتی غەنائیم بووەتە بنەمای دابەشکردنی دەستکەوتی جەنگی بەشێوەیەك کە پێویستە پێنجیەکی ئەو دەستکەوتە لە بەرژەوەندی گشتیدا سەرف بکرێت.

ئایەتی فەیئیش بێگومان بۆ ئەو هەلومەرجانەیە کە بەسەرمایەیەك بەبێ جەنگ و کوشتار دەکەوێتە دەستی موسڵمانان ڕوون دەکاتەوە. هەرسێ ئایەتەکە دەگونجێت وردکردنەوەی چەمکە گشتییەکەی ئایەتی ئەنفال بن، بەڵام هەر هەمووشیان پەیوەستن بە جەنگ و فتووحاتی سەردەمی پێغەمبەرەوە و خودی پێغەمبەریش بەپێی هەلومەرجی بابەتیانە کاری پێکردوون، بۆ نموونە لە پێنج حاڵەتدا بەئایەتی ئەنفال و غەنیمەت کار کردووە و لە دە حاڵەتدا بە ئایەتی جیزیە و یەك جاریش بە ئایەتی فەیئ. ئەمەش دواتر بووەتە بنەمایەکی تەشریعی بۆ زانایانی مەزاهیبی ئیسلامی و سوودیان لێوەرگرتووە، لە سەردەمی خەلافەتدا[1]. بوونی ئەم یاسا و بنەمایانە بەمانای ئەوە نییە کە ئیسلام تەشجیعی حاڵەتی شەڕ و

---

[1] الخراج الاقطاع والدولة، ٦٧- ٧٠.

پێکدادان دەکات، بەو ئەندازیەی کە شموولیەت و مروونەتی فیقهو شەریعەتیان لێدەفامرێت، واتە بوونیان جێی پرسیار و گومان نییە، بەپێچەوانەوە نەبوونیان تاك و کۆمەڵی ئیسلامی ئیحراج دەکات، کە بۆچی باسنەکراوە، یان مەودای پێویستی بۆ دیاری نەکراوە. ئەمە لە لایەك، لەلایەکی ترەوە بوونی ئەم ئایەتانە و ڕاڤەکردنیان بەو وەردییە ئەو ڕاستییە گرنگ و گەورەیەمان بۆ دەردەخات، کە ئیسلام هەر لە سەرەتاوە ویستوویەتی مومارەساتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی خەڵك لە چوارچێوەی یاسایەکی نووسراودا بێت، بۆ ئەوەی هەمیشە وەك پێوەر و سەرچاوە ڕۆڵی کایگەر لە ئاڕاستەکردنی دەسەڵات و شوێنکەوتووانی دانێت. ئایەتی ئەنفال و سوورەتی ئەنفال بەم تێگەیشتنە ڕەگەزێکی سەرەکین لە ڕەگەزەکانی فیقهی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئیسلامی لە هەلومەرجی شەڕ لەگەڵ بێبڕواکاندا، کە تیگەیشتن لەوەی کە مەسەلەکە بۆ خۆشی دەکەوێتە خانەی فیقهی ئیجتیهادی واتە موتەغەییراتەوە و لە هەلومەرجی ئێستادا زۆر سروشتییە کە ئیجتهادی نوێ و خوێندنەوەی نوێمان بۆ تێکڕای پرس و بابەتەکە هەبێت.

## ٧-جەنگی جیهانی یەکەم و دابەشکردنی کوردستان

وەك چۆن فتووحاتی ئسلامی، نەخشەی سیاسی جیهانی گۆڕی، بەهەمان شێوە جەنگی جیهانیش نەخشەی سیاسی جیهان بەتایبەت ئەم ناوچەیەی گۆڕی، کوردستان لە ئەنجامی تێکشکانی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی جارێکی تر دابەشکرا، بەشێك لە خاکەکەی لکێنرا بەدەوڵەتی تازە دروستکراوی عێراقەوە.

هەرچەندە بۆ ماوەیەکی کورت لە بەشێکی کوردستان، شێخ مەحمودی حەفید زادە ئیعلانی حوکمڕانێتی کرد، بەڵام سیاسەتی بەریتانیا، لەو هەلومەرجەدا بووە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم سەرکەوتن و بەردەوام بوونی دەسەڵاتەکەی شێخ داو سەرەنجام پاشکۆبوونی کوردستان بۆ دەوڵەتی عێراقی عەرەبی بووە ئەمری واقیع و یەکپارچەیی خاکی عێراق لەو ساتەوەختەوە بووەتە ئامانج و ستراتیژێکی ناوچەیی و جیهانی و لە کاتەوە کوردەکانی عێراقیش قەناعەتیان بە دەسەڵاتێکی خۆجێیەتی کردووە، کەچی دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراق یەك لەدوای یەك ئەم مافەشیان پێ ڕەوا نابینن، بۆیە گەلی کوردستانی عێراق ماوەیەکی زۆرە، خەباتێکی ڕەوای سیاسی و چەکداری دەست پێ کردووە و لەپێناوی سەلماندنی مافەکانیدا ڕەنج و قوربانیەکی زۆری داوە، لەبەرانبەرەوە حکومەتی عێراق

جەنگێکی ناڕەوای سەپاندووە بەسەر خەڵکی کوردستاندا و لە سەلماندنی زۆر مافی سروشتی بۆ ئەم گەلە درێغی کردووە و هەموو هەوڵێکی سیاسی گەلی کوردی بە هەنگاوی جیابوونەوە و بە هەڕەشە لە یەکێتی نیشتمانی عێراق لەقەڵەمداوە و لەژێر چەتری پاراستنی یەك پارچەیی خاکی عێراق و بەناوی جۆراو جۆرەوە هەموو جۆرە سیاسەتێکی تەعریب و سەرکوتکردنی پەیڕەو کردووە، جگە لەوەی لە ساڵەکانی ۱۹٦۰ و ۱۹۷۰ و ۱۹۸۰دا شالاوی سەربازی دڕندانەی کردۆتە سەر گەلی کوردستان.

بەلاّم لوتکەی دژایەتیکردنی شۆڕی کورد بریتیە لە سیاسەتە هەمە لایەنەی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ۱۹٦۸ وە دژ بە کەینونەی نەتەوایەتی تاك و کۆمەڵی کوردەواری پیادە دەکرێت و بریتیە لە سێ کوچکەی تەعریب و تەرحیل و تەبعیس، تەعریبی ناوچە نەوتیەکانی کەرکووك و موسڵ و خانەقین، وەتەرحیلی دێهاتەکانی کوردستان و کۆکردنەوەیان لە شارۆچکەکاندا، وە هەوڵی بەعساندنی هەموو توێژ و سیما و ڕووبنایەکی کۆنەگلێ، جگە لە بە کالاهێنانی سیاسەتی زەمینی سووتاو، لە دژی ئەو ناوچانەی بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەگەری شۆڕش و مقاوەمەتیان لێ بکرێت.

بەکورتی سیاسەتی ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە کورد وەکو نەتەوە و کوردستان، وەکو خاك، بریتی بووە لە سیاسەتی جینۆساید (Genocide) کە لە فەرهەنگی سیاسیدا پێناسە دەکرێت بە (کۆمەڵە کارێك کە بەمەبەستی وێرانکردنی زەمینەی سەرەکی ژیانی کۆمەڵە مرۆڤێك تاکو قەلاچۆ بکرێت، ئەنجام دەدرێت، ئەویش بە دارِمان و وێرانکردنی پێکهاتەی سیاسیی، کۆمەلایەتی، کەلتووری، زمانەوانی و تێکدانی هەست و سۆزی نیشتمانی و ئاینی و ئابووری. ئەو کارانەش لە دژی تاکە کەسانێك وەکو (تاك)، بەڵکو لەبەر ئەوەی سەر بەکۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراون).[1]

جینۆساید سیاسەتێکی درێژخایەنە بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی درێژخایەن، بەم پێیە شالاوەکانی ئەنفال بەشێك یان قۆناغێك بوو لە سیاسەتی جینۆساید، چونکە سەرجەمی تاوانەکانی لە چوارچێوەی سیاسەتێکدا ئەنجام دران کە توانایەکی زۆری بە بەرنامە و پلان بۆ تەرخان کرابوو. بە حوکمی بڕیار و مەرسومەکانی ناوخۆی عێراق و بەکردەوەش تاوان لە دژی گەلی کورد وەکو کارێکی ڕەوا و قانونی ئەنجام دەدرا.[2]

---

[1] عێراق لەپێشێلکردنی بنەما ئیمپیرەتیڤەکانی یاسای نێودەوڵەتانەوە بۆ جینۆساید، د. مارف عومەر گوڵ، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە ١، ل٤٧.

[2] هەمان سەرچاوە، ل٤٦.

کوشتن (بەتاك و کۆمەڵ)، وێرانکردن، دەرکردن، دەست بەسەراگرتنی ماڵ و موڵك، زیندانی کردن، بەزۆر ڕاگواستن، شێواندن و تێکدانی ژیانی ئاسایی خەڵکی، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و سووپایەکی بە توانا و مۆدێرن، ئەم کارانە ئاسەوارێکی زۆر ترسناکیان لەسەر کۆی بوارەکانی ژیان لە کوردستان جێهێشت، بەتایبەتیش سڕینەوەی مافی ژیان بۆ مرۆڤ و زیندەوەرێك و شێواندن و تێکدانی ژینگە.[1]

---

[1] هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

# ئەنجام

بێگومان بەپێی سیاسەتی نێودەوڵەتی و بنەماکانی مافی مرۆڤ، سیاسەتی جینۆساید و شاڵاوەکانی ئەنفال، ڕیسوا و مەحکوم کراوە و ڕەنگە زۆر بەئاسانی و ئاسایی برِگە و یاساییەکان رژێمی بەعسی عێراق مەحکوم بکات... یان دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ محاکەمەی ئەنفالکەران، بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگر بتوانێت، سەرانی ڕژێمی بەعس تاوانبار بکات و سزا بدات.

بەڵام کار و کردەوەی دڕندانەی ڕژێمی بەعس، بە یاسا و ڕێساکانی فیقهی ئیسلامی بەراورد دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت، ئەنفالی بەعس، ناچێتە ژێر چەتری هیچ بنەما و دیکترینێکی ئسلامیەوە:

**یەکەم**: لەبەر ئەوەی جەنگی ڕژێمی بەعس لە دژی گەلی کورد جەنگێکی ڕەوا، لەپێناوی بانگەوازی ئیسلامەتی و دژایەتی کردنی کەسانێکی بێ باوەڕ نەبووە و نییە، چونکە ڕژێمی بەعس هەڵگری بیروباوەڕێکی ڕەگەزپەرستانەیە و سیاسەتەکەشی سیاسەتی سڕینەوەی نەتەوەی کورد و کوشت و کوشتاری کەسانی بێ تاوانە.

**دووەم:** شۆڕشی ڕزگارییخوازی کوردستان، بۆ بەرگری لە ماف و کەسایەتی گەلێکی موسڵمانە، گەلێك کە ساڵەهای ساڵە خزمەت بە ژیار و زانست و دەوڵەتی ئیسلامی دەکات و خۆی لە نەتەوەی ئیسلامی بەجیا نازانێت.

**سێیەم:** ئەو کەسانەی بەدیل گیراون و بێ سەرو شوێن کراوان، هەموو کەسانی موسڵمان بوون و تەنانەت ئەو دێهات و گوندانەش کە بەر شالاوی ئەنفال کەوتن لە هەموویاندا مزگەوت و جومعە و جەماعەت هەبووە و هیچ یاسایەکی ئایینی ڕێگە نادات موسڵمان بەدیل بگیرێت و وەکو کافر ڕەفتاری لەگەڵ بکرێت.

**چوارەم:** ئەو خەڵکەی کە ئەنفال کران هەمووی کەسانی بێ چەك و بێ دیفاع بوون و تەنانەت لە شۆڕشی کوردستانیشدا جگە لە هاوسۆزی و کوردبوون و ئینتیما بۆ گەلەکەیان هیچ بەشداریەکی چەکداریان نەبووە و بەپێی یاسای باری کەسێتی و ڕەگەزنامە هاولاتی عێراقی بوون و لە سنووری خاکی عێراقیش دەرنەچووبوون و هیچ تۆمەتێکی پەیوەندیان بە بێگانەوە و خیانەتیان لەسەر ئیسپات نەبووە، تاکو بەو شێوە دڕندانە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

**پێنجەم:** ڕژێمی عێراق، بۆخۆی هەرگیز ڕژێمێکی شەرعی و ڕەوا نەبووە، تا بتوانێت لەسەر بنەمای مەشروعیەت، مامەڵە

لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەی بکات، بەپێچەوانەوە ئەم ڕژێمە بەزۆری زۆرداری و لە ئەنجامی کودەتایەکی سەربازیی دا هاتووەتە سەر کار و لەم ڕوانگەیەوە مەوقیعی یاسایی و شەرعی لاوازە و ئەو مافەی نییە وەکو خەلافەتی ئیسلامی باسی جیهاد و ئەنفال و ئەو جۆرە چەمکانە بکات و پراکتیزەیان بکات.

# سەرچاوەکان

١-اقتصادنا، مجمد باقر الصدر، دار التعارف للمطبوعات، بيروت، ١٩٨٢.

٢-الاحكام السلطانية، ابو الحسن الماوردي.

٣- الإسلام في حضارته ونظمه، أنور الرفاعي، دار الفكر، دمشق، ١٩٨٦.

٤- انسان دوستى در اسلام، مارسل بوازار، ترجمة: د. محمد حسن اردبيلى، د. يوسفى، تهران، ١٣٦٢.

٥- أنوار التنزيل وأسرار التأويل، القاضى ناصر الدين البيضاوي.

٦- بامداد اسلام، د. عبدالحسين زرين كوب، تهران، ١٣٦٢.

٧- تأريخ القوانين، د. على محمد جعفر، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتدوين، بيروت، ١٩٩٨.

٨- تأريخ مختصر جهان، كۆمەڵێك زاناى ئەوروپى، وەرگێڕانى: محمد تقى فرامرزى، تهران، ١٣٥٦.

٩- الجهاد والقتال في السياسة الشرعية، محمد خير هيكل، دار البارق، ١٩٩٦.

١٠- الخراج والاقطاع والدولة، الفضل شلق، مطبوع في مقدمة (في التراث الاقتصادي الإسلامى) دار الحداثة بيروت.

١١–فقه السيرة، د. محمد سعيد رمضان البوطي، انتشارات لقمان، ١٩٧٩.

١٢– فقه الامام جعفر الصادق، محمد جواد مغنية، دار التعارف للمطبوعات، بيروت.

١٣– في ظلال القران، سيد قطب، دار الشروق، بيروت.

١٤– كارنامة اسلام، د. زرين كوب، تهران، ١٣٦٩.

١٥– لسان العرب، ابن منظور، نشر أدب الحوزة، ١٤٠٥.

١٦–معجم المصطلحات الاقتصادية في لغة الفقهاء، د.نزية حماد، الدار العالمية للكتاب الإسلامي، ١٩٩٥.

١٧– موسوعة السياسة، د.عبدالوهاب الكيالي.

١٨– گۆڤارى ئەنفال، ژمارە ١، ساڵى ٢٠٠٠، وەزارەتى ڕۆشنبیرى.
(وتارێكى د.مارف عومەر گولْ بەناونیشانى (عێراق لە پێشێلكردنى بنەما ئیمپیرەتیڤەكانى یاساى نێودەوڵەتانەوە بۆ جینۆساید).

## گفتوگۆیەك دەربارەی ئەنفال[1]

**پ١: ئـەنفال و ئـەنفالکردن پەیوەندیـەکی مێـژوویی بـە کەلتووری عەرەب و ئیسـلامەوە هەیـە، ئایـا بـە ڕای جـەنابت پەلامار و هێرشی نەگریسی ئەنفال بۆ سەر کـورد لـە بـەهاری ١٩٨٨ لەلایەن بەعسەوە پەیوەندی بە مێژووی ئەو کەلتوورەوە هەیە؟ ئایا بە پێچەوانەوە بەرهـەمی فیکـر و گوتـاری خـودی بەعس خۆیەتی؟**

- **وەڵامی پرسیاری یەکەم:**

ئـەم پرسـیارە هـەڵگری ئیشـکالێکە و پرسـیار و گومـانێکی گەورە وان لە پشـتیەوە، وەك بڵێـی ئـەنفال بەرهـەمی ئیسـلام و عەرەبـە و تـەنها لـە هـەناوی ئـەم کـەلتوورەوە هاتۆتـە دەرەوە، کەواتــە ئــەم کەلتوورەیـە کـە خـەڵکی فێـری تـاڵان و کوشـتن و کوشتار کردووە و هەموو نەهامەتیەکانی ئێمـەش دەرهاویشـتەی

---

[1] ئـەم چـاوپێکەوتنە لـە دوتـوێی کتێبێکـی تایبـەت بـە کارەسـاتی ئـەنفال لـە ئامادەکردنی بەرێز سمکۆ سابیر چاپکراوە.

ئەم کەلتوورەن، ئەم جۆرە لێکدانەوەیە لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر سادە و بێ تەکلیفە و عەقڵێکی ئاڕاستەبڕی ناحەز بە ئایینی ئیسلام تەوجیهی دەکات، هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم زۆر نازانستی و سەرپێی و ناتەواوە، چونکە ئەگەر وایە، ئەی چۆن شەڕ و کوشتارەکانی پێش ئیسلام لەناو گەلانی تر و ئایینەکانی تر لە هەموو گۆشە و کەناری دنیا لێك بدەینەوە؟ ئەی چۆن لەولاشەوە بانگەوازی ئاشتەوایی و چاکەخوازی ئایینی ئیسلام سیمای شارستانی فرەچەشنی لە گرنگیدان بە زانست و پێکەوە ژیانی هەموو مرۆڤەکان مانا بکەین، بەڵام خۆ نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ناوەندی عەرەبی و ئیسلامیش وەك هەر ناوەندێکی تری ئەم دنیایە پڕبووە لە تەناقوزات و شەڕ و هەراو ناتەبایی، بەحوکمی ئەوەی مرۆڤ کائینێکی شەڕانییە و هەر کات بلوێ و مەبدەئێکی مرۆڤدۆستانە جڵەوی نەگرێت، لە سنووری مافەکانی خۆی تەجاوز دەکات و دەستدرێژی دەکاتە سەر خەڵك و ماڵ و گیان و ناموسیان حەڵاڵ دەکات، ئەمە نەك تەنها لە مێژووی کۆندا بەڵکو هەمیشە خەسڵەتێکی زاتی بەرەی مرۆڤە و هەوڵ و تێکۆشانی تێکڕای بیرمەندان و فەیلەسووفان و پێغەمبەرانیش ئەوە بووە درندەیی و گورگبوونەی مرۆڤ لە ناخیدا بکوژن بۆ ئەوەی جیهانێك لە خۆشی و کامەرانی و لە ئاشتی و تەبایی، دروست بکەن.

بۆیە نابێت بە موجەڕەد بوونی وشەی ئەنفال و سورەتی ئەنفال و ئایەتی ئەنفال لە قورئاندا و بوونی شەڕ و کوشتار لە مێژووی سەرهەڵدانی ئیسلامدا، ئەو ئەنجامە وەربگرین کە گوایا حاڵەتی تالان و کوشتار ئیبتیکاری ئیسلام و موسڵمانانە، چونکە ئەگەر بەو مەنتیقە بدوێین، ئەوا پێویستە بوونی جۆرەها نەخۆشیش بەدەستکاری پزیشکەکان بزانین، چونکە ئەوانن باسیان کردووە و لە چارەسەر و دەرمانیان گەڕاون، دیسانەوە دەبێت یاساناسەکانیش بە داهێنەری تاوان و کەتنەکان دابنێین، بە بەڵگەی ئەوەی کە بڕگەی یاسایی لەسەر تاوان و کەتن دادەڕێژن، ئیسلام لەناو کۆمەڵگایەکدا سەری هەڵداو گەشە و تەشەنەی کرد کە تالانچێتی سەرچاوەیەکی دەرامەت و جەنگی خێڵایەتی سیمایەکی جێگیر و دەمارگیری بۆ هۆز خەسڵەتێکی گشتی بوو، لە قۆناغێکیشدا کە دنیا مەیدانی ململانێی هێزەکان و شەڕی خوێناوی گەلانی ژێر دەست و چینەکانی خوارەوە دەگەڕا، بۆخۆشی دەستەویەخەی کۆمەڵێك عەرەبی بتپەرست و دەمارگیر بوو، بۆیە بانگەوازەکەی ڕووبەڕووی چەندین کۆسپی ناوخۆیی و دەرەکی دەبوویەوە، جگە لەو کۆسپە خودییانەی لەناخی مرۆڤەکاندا ڕیشەیان داکوتاوە و لە بنەڕەتدا ئایین بۆ قەڵاچۆکردنی ئەوان هاتووە، واتە نەخۆشیەکانی خۆپەرستی و پارەپەرستی و مەقام

پەرستی و ڕژدی و چاوچنۆکی و ستەمگیری و.... هتد، بۆیە کاری پێغەمبەری ئیسلام (درودی خوای لەسەر) هەر ئەوە نەبوو کە خەڵك بانگ بكا بۆ ئیسلام و بەس، یان هانیان بدات بۆ گەیاندنی پەیامەکەیی و بەس، بەڵکو کاری ئەو لەیەك کاتدا هەم بانگەواز و هەم گەیاندن و هەم تەشریع و هەم پەروەردە بوو، وێڕای ڕاوەستان و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێز و لایەنە نەیارەکانی، کە لەم پێناوەشدا جوهد و جیهادێکی زۆری ئەنجامدا و لەم پێناوەشدا دەبوو ئینسانی ترین و واقیعی ترین ئسلووب بەکاربهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کە بێگومان ئامانجی سەرووی ئامانجی سیاسی و ئابووری و خێڵایەتی بوون، چونکە ئەو بۆخۆی کەسێکی دەسەڵاتخواز و تاکڕەو نەبوو، بەڵکو هەڵگری پەیامێك بوو لە خواوەندەوە بۆ مرۆڤ، لە بەرزاییەکانی مانەوە بۆ قووڵاییەکانی خود. ئەم پەیامەش کاتێك لە مانای ئەبستراکتەوە تەحویل دەبێت بۆ واقیعی ژیانی تاك و کۆمەڵ بێگومان حاڵەتە میسالییەکەی نامێنێت و ڕەنگە تۆخەکەشی تائەندازەیەك کاڵ دەبێتەوە و لە کەسێکیشەوە بۆ کەسێکی تر قابیلیەت و فەرهەنگەکەی دەگۆڕێت، هەر وەك ئەوەی دوو کەسی جیاواز بەنیسبەتی جیا لە خۆراکێك بەهرە وەربگرن، مرۆڤەکانیش لە تەفاعولیان لەگەڵ ئەم ئایینە جیاواز بوونە و جیاوازیش دەبن، بەحوکمی ئەوەی جیاوازی و فرەیی

له سیستەمی بووندا ڕواڵەت و ڕاستیەکی ویستراوە، هەربۆیە نابێت سەیر بێت بەلامانەوە کە ئەم ئیسلامە لەم مێژووە دوور و درێژەیدا بۆ هەندێك لە مرۆڤەکان ئیکسیر و هەتوان بووبێت و بۆ هەندێکی تریش زەهر و دەرد و ژان، چونکە مرۆڤەکان خۆشیان جەبهەی جیاوازیان لەم ئایینە گرتووە، هەرکەسە بەچاوێك لێی ڕوانیوە. بەم تێگەیشتنە لە واقیع و ئەرك و سیمای پەیامبەری ئیسلام و پەیامەکەی، تێدەگەین بوونی ئەنفال موجەڕەد بوونی چەمکێکە لە چەمکەکانی ئەم ژیانە پڕ لە دژایەتیە لە قامووس و سیستەمێکی یاساییدا، کە شەریعەتی ئیسلامە و ممارەسەی جەنگیش بە هەموو سەرەتا و ئەنجامێکیەوە، ممارەسەی واقیعێکی تاڵە، کە مانۆڕی هێزەکان فەرزی دەکات و دەیسەپێنێت و وا پێویست دەکات موشەریع لە برگەکانی یاسای جەنگدا حیساب بۆ دەرهاویشتەکانی بکات، لەو ڕووەوە کە جەنگ ئاسەواری زۆری لێدەکەوێتەوە و واقیعێکی تازە دەهێنێتە کایەوە بەجیا لە واقیعی زووتر، ڕووبەر و حەجمی ئەم ئاسەوارانە بەستراون بە حەجم و قەبارەی جەنگەکەوە، بەژمارەی بەشداربوان و ئیمکاناتی هەردوولاوە، بەتەلەفات و زەرەرو زیانی ماددی و مەعنەوی هەردوولاوە، بۆیە قۆناغی دوای جەنگ پێویستی بە چارەسەری یاسایی گشتگیر هەیە، پێویستی بە دووربینی و لێکدانەوەی قووڵ هەیە، مەسەلەکە

هەر ئەوەنیە شەڕێك ڕوویداوە و تەواو، یان لایەنێك شكستی خواردووە و تەواو، بەڵكو لە هەموو ئەمانە گەورەتر بۆ هەموو تاكێكی بەشداربوو، واقیعێكی تازە هاتووەتە گۆڕێ جیاواز لە واقیعی پێش شەڕ، ئەوەی سەركەوتووە خۆی بەخاوەنی هەموو مافێك دەزانێت، بۆیە پێی ڕەوایە لەگەڵ شكستخواردوودا چی دەكات بیكات. نامەوێت بڕۆمە ناو وردەكاریەكانی یاسا و ڕێسای ئەنفال لە فیقهی ئیسلامیدا، كە ئەمە بۆخۆی باسێكی دوور و درێژە و لق و پۆپی زۆری لێدەبێتەوە و مەسەلەكە لەوەدەچێت كە پێناسی ئەو هەڵمەت و پەلامارە دڕندانەی بەعس بكەین كە دژ بە گەلی كوردستان ئەنجامیدان و ناوزەدی كردن بە ئەنفال و تیایدا هەزاران كوردی بێ تاوانی بەدیلگرت و ڕاپێچی باشووری عێراق و ڕێی هات و نەهاتی كردن و ئیستاش چارەنووسیان نادیارەو ماڵ و سامان و زەوی و زاری بەتاڵان بردن و خاكەكەی كردن بە سوتماك، ئەم كردەوە و ڕەفتارە دزێوە كە لە یاسای نێودەوڵەتیدا پێی دەوترێت جینۆساید و تاوانی پلان بۆ داڕێژراو (الجریمة منظمة) و بەپێی شەرعی ئیسلامیش پێی دەگوترێت خراپەكاری لەسەر زەویدا (الفساد في الارض) و سزاكەشی توندترین سزایە، ئەم تاوانە بەم ڕەهەندە ترسناك و دەرئەنجامە خەتەرناكەوە لەڕاستیدا دەرهاویشتەی هیچ كەلتوورێكی ئینسانی نییە بەقەد ئەوەی بەرجەستەبوونی

عــەقڵی داگیرکــەران و جێبــەجێکردنی سیاســەتی ســڕینەوەی گەلان و نەهێشتنی گیانی مقاوەمەتی ئازادیخوازانە و تایبـەتیش نییە بە بەعسی عێراقەوە، بەڵکو لـە هـەموو دنیـادا و لـە هـەموو مێژووی کۆن و نوێشـدا نموونـەی زۆر و زەبەنـد و زەقـی هەیـە، ئەڵبەتــە بەڕەچــاوکردنی ئــەو تایبەتمەندییــەی کــە بــەعس بــە بەرنامەیەکی مۆدێرنتر و لەژێر سەرپۆشـی کۆمـەڵێك موبـەڕیراتی ئایدۆلۆژی ناسیۆنالیستی و بە لەفافەی زاراوەیەکی وەرگـیراو لـە دەقــی پــیرۆزی قورئــان ئەنجامیــدا، کــەلتووری بــەعس بۆخــۆی کەلتوورێکی ئاوێتەیـە لـە عەلمانیـەتی ئـەورووپی و سۆشـیالیزم و ناسۆشـیالیزمی عـەرەبی، کـە بـە زمـانێکی ڕۆمانسـی شـاعیرانە لەلایەن میشێل عەفلەقی پەروەردەی مەدرەسـەی ئیستیشـراقی فەڕەنسـییەوە داڕێـژراوە، لـە بنەڕەتـدا حزبـی بـەعس حزبێکـی ئــاینی نییــە و بڕواهێنــان بــە ئامــانج و ســەرەتاکانی واتــە ڕووتکردنـــەوەی ئیســـلام لـــە نـــاوەڕۆکی ڕاســـتەقینەی و کورتکردنــەوەی لــە کەلەپوورێکــدا بــۆ قۆنــاغێکی مێــژوویی دیاریکراو، بۆیە بەبۆچوونی زۆر لە بیرمەندە موسڵمانەکان، ئـەو دژایەتیەی بەعس لەگەڵ ئیسلام هەیەتی لەگەڵ هـیچ بیرێکـی تـر بـەراورد ناکرێـت. ئێمـە بـە درێـژایی تەمـەنی بـەعس لـە عێراقـدا ناتوانین هیچ کام لە بەرنامـە و سیاسـەتەکانی لەگـەڵ یاسـاکانی شـەرعی ئیسـلامدا بگـونجێنین، ئـەم حزبـە هـەر لـە سـەرەتاوە

قەسابخانەی بۆ گەلی عێراق و هەموو دەنگ و ڕەنگێکی نەیار دانا و مەکینەی شەڕە یەك لەدوای یەکەکانی دژ بە کورد و ئێران و کوەیت و زنجیرەی ئیعدامی هەڤاڵەکانی ناو خودی بەعس و بەفیڕۆدانی سامانی نەتەوەیی و هەزاران هەزار قوربانی ناو زیندان و بەندیخانەکانی ئینفیرادی کامیان لەگەڵ سادەترین بنەمای ئایینی، یان عیلمانیەت، یان فیکر و فەلسەفەی سۆشیالیزم یەکدەگرێتەوە، بەلای منەوە هەڵەیە ڕەفتار و کردەوەی ئەم بەعسیە تاوانبارانە ببەستین بە هەر ئایین و فەلسەفەیەکەوە، چونکە هیچ ئایین و بیر و فەلسەفەیەك ڕازی نییە بە هیچ پاساوێك تاوان و کەتنی بەو جۆرە بکرێت دەرحەق بە مرۆڤێك چ جای بە گەلێك. بەلای منەوە سەدام و دەست و پێوەندەکەی کۆمەڵێك کەسانی تاوانبار و پیاوکوژ بوون کە بازیان دابووە سەر کورسی دەسەلأت و بۆ مانەوەیان پێویستیان بە هیچ نەبووە جگە لە داپلۆسین و تۆقاندن و کوشتن و سووتاندن، جگە لە سڕینەوەی بەرامبەر و ناردنەدەرەوەی کێشەکانی ناوخۆ بۆ دەەوە و هەروەها حەڵاڵکردنی ماڵ و گیان و ناموسی هەموو کەسێکی موخالف یا موعارض، ئەمە کەلتووری بەعس و هەموو خوێنڕێژ و دیکتاتۆرەکانی مێژووە، بێگومان سروشتیە لەم پێناوەشدا پەنابەرێتە بەر چەواشەکردن و لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی چەواشەوە

یاری بەهەموو زاراوە و دەستەواژەیەکی ئامادەی ناو فەرهەنگی کۆمەڵ بکات و لە کەلتووری سەردەسەی کەلتوورەکانی ئەم گەلەش کە کەلتووری ئیسلامیە چەندین دروشم زاراوەی جوان و حەماسی و سەرنجڕاکێش بەعاریە وەربگرێت، ئەگەر وانەکات ئەی چۆن بۆ ماوەی سی و پێنج ساڵ لە وڵاتێکی فرەچەشنی فرە ئایینی فرە ڕەگەزی پڕ لە ئەندێشەی وەك عێراقدا درێژە بە دەسەڵات بدات و چۆن ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك توضیف بکات بۆ مەرامە گڵاوەکانی و چۆن ئەم ماوە درێژە بە عەقڵی ئەم خەڵکە یاری بکات؟! ئەوانەی دەیانەوێت بە پێودانگی مومارەسەی بەعس ئایینی ئیسلام و کەلتووری عەرەبی تاوانبار بکەن لەڕاستیدا ئاگایان لە کەلتوور و ئەدەبیاتی بەعس نییە و دەرحەق بە ئیسلام و کەلتووری عەرەبیش بێ ئینسافن و دەمارگیرانە بیردەکەنەوە.

**یەکەم:** لەبەرئەوەی بەعس بەئاشکرا خۆی بە حیزبێکی عەلمانی ناوزەد دەکات و بە درێژایی هەموو کۆنگرە قەومی و قوترییەکانی تەئکیدی لەسەر عەلمانیەتی بیر و مەنهەجی خۆی کردووە و نەیشاردووەتەوە کە ئیسلام بە میراتێکی عەرەبی دەزانێ و بەس و یاساغیشی دەکرد لەسەر ئەندامەکانی کە مومارەسەی شەعائیری دینی بکەن، مەگەر لە نەوەدەکان بەدواوە کە دەیویست سواری شەپۆلی مەشاعیری دینی خەڵك

ببێـت بـۆ درێـژەدان بـە سـاتەوەختەکانی تەمـەنی دەسـەڵات، ئـەگینا لـەناو بەعسـییەکاندا ئیلتیـزام بـە دیـن و ئـەدەبیات و شـــەعائیری دیـــنی مایـــەی لێپرســـینەوە و ســـزا و تەنانـــەت دەرکـردنیش بـووە. بۆیـە بـە هـەموو پێوەرێـك فیکـری بـەعس لەسەر عەلمانیەت حساب دەکرێـت نـەك لەسـەر ئیسـلام، لەگـەڵ ئەوەشدا ناتوانین بە بیانووی تاوانەکانی بەعس عەلمانیـەت وەك بیروبڕوا و تەنانەت وەك کـاری سیاسـیش تاوانبـار بکـەین، ئـەوە حیزبێکی عەلمانیە کە نەهامەتی و زوڵـم و سـتەم و جینۆسـایدی بەرهـەم هێنـاوە نـەك هـەموو عەلمانیـەت، مـن بۆخـۆم دژی ئـەو جۆرە بڕیارە ڕەهـا و گشـتییانەم کـە لـە ڕووی ڕەفتـاری دزێـوی کەسـێکەوە هـەموو کەسـانی پەیوەندیـدار و بـەپێی ئینحـرافی حیزبێك هەموو هاوچەشنەکانی مەحکووم بکەم، تەنانـەت ئەگـەر بەعس بە حیزبێکی ئیسلامی ئوسووڵیش لەقەڵـەم بـدەین، ئـەوە حیزبێکی ئیسلامی ئوسووڵییە کە لایداوەو بنەماکانی مرۆڤایەتی بەزاندووە نەك هەموو ئەحزابی ئیسلامی، ئەمە مەنتیقی قانوونـە لـە هـەموو دنیـادا کـە تاوانبـار هـەر خـۆی بـە تاوانبـار حسـاب دەکرێـت وەك بنـەمای کەسـێتی سـزا (مبـدأ شخصـیة العقوبـة) جـەختی لەسـەر دەکـات و ئایـەتی ﴿وَلَـا تَـزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْـرَى﴾ دووپاتـی دەکاتـەوە. عەجـەبا ئەگـەر ئـەم ماسـتە موویـەکی تیـا نەبێت، بۆچی دەبێ دەسـتی چـەوری حیزبێکـی عـەلمانی بسـڕن

به کراسی ئاینێکی وەك ئیسلامدا؟ ئەمە دروست لەو بەراوردە نادروستە دەچێت کە قورئانی پیرۆز لە داستانی یوسفدا بۆمانی دەگێڕێتەوە، کاتێك پێوانەی پاشایان لە بارەکەی بنیامیندا دۆزییەوە، براکانی گوتیان ئەمە بۆیە دزی کردووە چونکە برایەکی هەبوو زووتر ئەویش دز بوو! بەم پێودانگ و بەراوردە بێت پێش ئەوەی ئیسلام مەحکووم بێت بە ڕەفتار و کردەوەکانی بەعس حەق وایە عەلمانیەت فیکری ئەورووپی بەدناو بکرێت، چونکە بەعس لەوێوە سەرچاوەی گرتووە نەك لە ئیسلامەوە، ڕۆڵی ئیسلام لە ئەدەبیاتی بەعس لەوێوە سەرچاوەی گرتووە نەك لە ئیسلامەوە، ڕۆڵی ئیسلام لە ئەدەبیاتی بەعسدا ڕۆڵێکی سەرەکی و جەوهەری و تەنانەت بەرجەستەش نیە، ئیسلام تەنها دەوری ڕتووشێك دەبینێت لە تابلۆی بەعسدا.

**دووەم:** ئاینی ئیسلام لەڕاستیدا بووەتە بەرنامەی زۆر حیزب لە جیهانی ئیسلامیدا، دەسا ئەگەر تالآنگەری و وێرانگەری بەرهەمی ئەم ئاینەیە، ئەیبۆ لە ڕەفتاری ئەوانیشدا شتێك لە کارەکانی بەعسی عێراق نابینین؟ بەپێچەوانەوە زۆر حیزبی ئیسلامی هەن کە خزمەتی کۆمەڵگا و خاك و وڵات دەکەن و بێگومان هەشە کە تاکڕەوانە دەجولێتەوە و وێرانکاری دەکاتە پیشە، کە ئەمەیان تایبەت نیە بە ڕەوتی ئیسلامییەوە،

هەرچــەند هەنووكــە بــە كاریگــەری ڕاگەیانــدن دەیانــەوێت توندڕەوی و تاكڕەوی و بسەپێنن بەسەر ئیسلامییەكاندا، بەڵام سەرنج لە نەخشەی جیهان و توندوتیژیەكانی، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت كە ڕەوتی ئیسلامی توندڕەو بەشێكە لە كۆی توندڕەوی جیهانی و تـۆڕی تۆقانـدنی گرووپــە ئیسـلامیەكان جەمسەری ئەوسەری هاوكێشەیەكن كە لەمسەرەوە ئاین و بیرو بیردۆزی تر بەرهەمیان هێناوە، بۆیە ئەگەر توندڕەوی تاوان بێت و بەحوكمی یاسا مەحكوم بێت، ئەوا پێویستە لەم تاوانەدا هەموو بەشداربووان مەحكووم بكرێن و سزا بدرێن بە پێی بنەمای بەشداربوون لە تاوان (المساهمة في الجريمة) و بنەمای سەبەبیەت، نەك تەنها ئەو لایەنەی ئەمڕۆ گلۆڵەی كەوتۆتە لێژی و كەس لەسەری ناكاتەوە، ئەم بۆچوونە بۆ پاساو هێنانەوە نیە بۆ ئەو تاوان و كەتنە دزێوانەی كەسانی تیرۆریست و خراپەكار لــە دژی خــەڵكی بــێ دیفــاع ئــەنجامی دەدەن، ئەمــە هاوسەنگكردنی باری هاوكێشەیەكی لاسەنگە كە خەڵك تەنها لایەنێكی تاوانباری لێ دەبینن و لەوانی تر چاوپۆشی دەكەن، لەحاڵێكدا مەنتیقی عەقڵ و یاسا كاتێك لە تاوانێك دەكۆڵێتەوە هەموو لایەنە كاریگەر و جەوهەریەكانی تاوان بە موباشیر و سەبەب و موساهیم و موساعیدیەوە دێنێتە بەرچاو و حیسابیان بۆ دەكات، لەپێناوی ئەوەی تاوان لە ڕیشە دەربهێنێت.

**سێیەم:** جگە لە بەعس لەناو عەرەبدا حیزب و تەوژمی دیکە زۆرن کە بە کەلتووری عەرەبییەوە سەریان هەڵداوە و حوکمڕانی دەکەن، کەچی هیچیان وەکو بەعس سیاسەتی کوشت و کوشتار و تالان و تۆقاندنی پەیڕەو نەکردووە، کەواتە زوڵمێکی گەورەیە لە کەلتووری عەرەب کە هەزاران ئەدیبی ئاشتیخوازی هەڵگری دروشم و نەریتی ئینسانیەتی گۆشکردووە، بە پێودانگی ڕەفتاری بەعسی فاشی هەڵسەنگێنین، ئەمە دەمارگیری کوێری کوێرانەی بێ لۆجیکە، کە دەیەوێت هەموو عەرەبمان لێ بکات بە دوژمن و ناحەز و بەئاسانی جەبهەمان پێ بگرێت لەگەڵ نەتەوەیەك، کە خاڵی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و شانازی هاوبەش و ئایینی هاوبەشمان پێکەوە هەیە، بەبێ ئەوەی لەو مەسەلەیە بکۆڵینەوە، کە دژایەتی عەرەب و خۆسوورکردنەوە لە عەرەب چ سوود و قازانجێکی بۆ کورد و کوردستان دەبێت؟ ئەویش لە جیهانێکدا کە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری قسەی ئەوەڵ و ئاخری تیا دەکات. بۆیە مێژوونووسی کورد پێویستە هەمیشە لەو ڕاستیە ئاگاداربێت، کە جیاوازی بکات لەنێوان ئایین وەك دەق و سیستەم و ئایدیایەکی مرۆڤپەروەر و پرۆژەیەکی ڕاستکردنەوە و لەنێوان ئایین وەك ئایدۆلۆژی دەسەڵات و ئامڕازی لەقاڵبدانی گەل بۆ خزمەت بە داگیرکردن، هەرچی پێی

دەوترێت ئایین بەمانای یەکەم هەرگیزاو هەرگیز پشتگیری لە تالآن و کوشتار ناکات، جگە لەوەی بە خیارێکی ناخۆش و نەخوازراوی ناوزەد دەکات و چارەسەر بۆ ئەنجام و دەرهاویشتەکانی دادەنێت بەپێچەوانەش کاتێك دەقەکان لەلایەن کەسانی سولْتەخواز و هەڵبەستراوەوە بەکاردەهێنرێن بۆ تەکفیر و غەدر و ڕەشەکوژی، ئەوسا سیمایەکی ڕەشمان لە ئایین بەرچاو دەکەوێت، کە تەنها ئەوەندەی لێ دەوەشێتەوە دەرسی وەحشیگەری و بەربەریەت بە خەڵك بدات و هەموو ڕەهەندە جوانەکانی ئایین و هەموو چەمکە پیرۆزەکانی خواناسی و مرۆڤویستی دەکاتە قوربانی هەوەسی سەرکەوتنی مەوهوومی سەرکردەیەکی هەمەجی. ئایا مەعقولە لەداخی نوسخە ناشرینەکانی ئایین و کەلتووری ئیسلام دەستبەرداری جەوهەری ڕاستەقینەی ئەم ئایینە و ڕۆڵی کاریگەری لە سزادانی ژیانێکی هاوسەنگ ببین؟ ئەمە ئەو ئامانجەیە کە لە بنەڕەتدا ناحەز و نەیارانی ئیسلام هەوڵی بۆ دەدەن و کۆمەڵێك نەزان و نەخوێندەوار وەکو داردەست جێبەجێی دەکەن، ئەمە ئەو سیناریۆ سەیرو سەمەرەیە کە نەزان بەردێك دەخاتە ئاوەوە بە هەزاران زانا دەرنایە !

**چوارەم:** وا بڵێین ئەنفالکردن زادەی کەلتووری عەرەبی و ئیسلامیە، ئەی باشە ئێمەی کورد خۆمان لەدوای ڕاپەڕینەوە

ماوەیەکی دوور و درێژ بە کاریگەری کام کەلتوور بوو کەوتینە گیانی یەکتر و تالانکردنی یەکتر و بە چ کەلتوورێك یەکترمان ڕاوڕووت کرد و ژیانمان لەخۆمان کردە دۆزەخ؟ لەپێناوی چی و بە چ پاساوێك حیزبەکانمان بێگانەیان پەلکێش کرد بۆ کوردستان و برای هاوزمان و هاوکەلتووری خۆیان دەربەدەر و ئاوارەکرد؟ تۆ بڵێی دیمەنە تاڵ و گەزندەکانی شەڕی ناوخۆی کوردستانیش دەرهاویشتەی کەلتووری عەرەبی و ئایەتەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر بێ؟ خۆ ئەوەی لەم چەند ساڵەدا کورد بە کوردی کردووە سەرما بە هەتیوو و با بە دەواری شڕی ناکات!

تاکو ئێستاش کورد نەیتوانیوە وەك خێزانی ماڵێك پاسەوانی لە ئەمنی قەومی و سامانی نەتەوەیی و سومعەی سیاسی خۆی بکات، ئەمەش هەر کاریگەری کەلتووری عەرەب و ئیسلام بوو؟ ئەی کەلتووری کوردیمان بۆ خۆی لە کوێیە؟ فکری عەلمانی هاوچەرخ و فەلسەفەی نوێخوازی و مەدرەسەی دیموکراسی لە کوێن؟ تا بێن بەهانامانەوە و لانی کەم یەکتر تالان نەکەین و کەمێك لە خەمی ماڵی کوردی و خەرمانی شۆڕشی سەد ساڵمان بین. ئایا ئێمەش بەشێکی زۆر لەو دڕندەیی و خەم ساردییەمان بەنسیب نەبووە بۆ یەکتر و دەرحەق بەیەك؟

**پ٢: بۆ خوردکردنەوە و شرۆڤەکردنی نێوەرۆکی پەلاماری ئەنفالکردنی کورد، ئایا پێش هەرشتێ پێویستمان بە ناسینی بەعسە، ئایا دەکرێت لە پرۆژەیەکی هەمە لایەنەدا کەلتووری عەرەب و ئیسلام بناسین و دواتر بگەڕێینەوە لای مەسەلەی پێشتوور، دەنا چۆن؟**

- **وەڵامی پرسیاری دووەم:**

کەوابێت بۆ تێگەیشتن لە نەهامەتیەکانی کورد بە هەموو پەردە و میانپەردەکانیەوە پێویستمان هەیە بە:

* تێگەیشتن لە سایکۆلۆژیای تاکی کوردی و جوگرافیای سیاسی کوردستان.

* ناسینی شۆڕشەکانی کورد و دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی.

* ناسینی داگیرکەرانی کوردستان، بەتایبەتی بەعس و سیاسەتەکانی.

* تێگەیشتن لە کەلتووری جەنگ و داگیرکردن و ئوسلووبی مامەڵەی داگیرکەران لە سەرانسەری مێژوودا.

* خوێندنەوەیەکی وردی ژیانی عەرەبەکان لە پێش ئیسلام و پاش ئیسلامدا و کاریگەری ئایینی ئیسلام لەسەریان.

* توێژینەوەیەکی قوڵی جەنگ و توندوتیژی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا و بەراوردکردنی لەگەڵ مێژووی ئیسلام و کورد.

* تێگەیشتن لە واقیعی دنیای ئەمڕۆ، لە هەموو ڕوویەکەوە.

* ناسـینی مـرۆڤ وەك خـۆی، وەك بوونـەوەرێکی ئـاڵۆز، بنیاتنـەر و ڕووخێنـەر، چـاکەخواز و خراپـەکار، ئاشـتیخواز و شەڕانی. بەبێ ئەمانە توێژینەوەی قۆناغەکانی سەرکوتکردنی کورد توێژینەوەیەکی کورتی نەزۆك دەبێت و دەمانخاتە هەڵەی گەورەترەوە، بەجۆرێك نە خۆمان بناسین و نە دۆست و دوژمن.

**پ٣: بەچی پێوەرێك قسە لەسەر ترسی دووبارەبوونەوەی ئەنفال بکەین؟ بە چی لۆژیك و باکگراوندێك ئەو ترسە ڕەوایە؟ ئایا تا ئێستا لە گوتاری تاك و کۆی کوردی دا خوێندنەوەیەك هەیە بۆ ئەم لایەنە، ئەگەر نییە بۆ؟**

- **وەڵامی پرسیاری سێیەم:**

وەکو گوتمان ئەنفال دەرهاویشتەی عەقڵیەتی شەڕفرۆشی و سڕینەوەی بەرامبەر و دەستدرێژییە بۆ سەر کیان و گیان و سامانی خەڵك، ئەم عەقڵیەتە هەر کاتێك بۆی بلوێت و هێزی یاسایەك و یاسای هێزێك بەرهەڵستی نەکات، بێگومان هەمیشە مەترسییەکە هەڕەشە لە بوون و مانەوەی گەلان و ئاشتی و ئاوەدانی دەکات، ئەم عەقڵیەتەش تایبەت نییە بە گەل و ژیار و ئایینێکەوە، بەڵکو پەیوەستە بە مەنتیقی دەسەڵات و بەرژەوەندییەوە، تایبەت نییە بە زەمەن و قۆناغێکی مێژوویی،

ئەوانەی سەردەمی پێشکەوتوو ترسناکتر و هەمەجیتره لەوانەی پێشوو، بەپێی ئەو ئامارانەی ئێستا لەبەردەستدان حەجمی وێرانکاریەکانی هەموو مێژوو لەلایەك و وێرانکاریەکانی دوای پەلاماری ئیمپریالیزمی نوێ کە هەنووکە بەردەوامە لەلایەك، با بیهێنینە بەرچاومان حاڵی حازر لە جیهانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و سەردەمی ڕۆشنگەری و جیهانگیریدا چی دەگوزەرێ و چی ڕوودەدات و زلهێزەکانی دنیا بە چ ئوسلووب و ئیمکانیات و چەکێکەوە خەریکی ئەنفالکردنی میللەتانی دنیا و تالآنکردنی سامانی نەتەوەیی وڵاتن و چۆن مرۆڤی ئەم سەردەمەیان لە هەموو بارگەیەکی هەست بەئینتیما و سەربەخۆیی خاڵی کردووەتەوە و چۆن ئیمپراتۆریەتێکی ئیعلامی گەورەشیان بەمەبەستی ئاساییکردنەوەی ئەم حاڵەتی سەردەستەیی و ژێردەستەیی دنیا پێکهێناوە، بیست و چوار سەعات خەریکی دووبارەکردنەوەی مەفاهیمی سەردەستەیی و دەسەڵاتن و لە ئەنجامدا زۆرینەی خەڵکی دنیایان دەستەمۆ و گۆشکردووە، بە ڕەچاوکردنی ئەم ڕاستییانە و زۆری تریش من پێموایە پرۆسەی ئەنفال ئێستاکەش بەناونیشانی جیاواز و حەجم و شێوەی جیاواز هەر بەردەوامە و دەسەڵاتدارانی دنیا هەر کام لە شوێنی خۆیەوە بە جۆرێك لە جۆرەکان خەریکی ڕووتانەوە و چەوسانەوەی خەڵکن، چونکە لەهەر شوێنێك شەڕ هەبێت،

شــەڕی ناوچــەیی، شــەڕی نــاوخۆ، شــەڕی دەســەڵات، شــەڕی نێودەوڵەتی، شەڕی نەوت، شەڕی ئاو، شـەڕی ئـایینی و شـەڕی مەزهەبی و لە هەر کوێیش ناعەدالەتی و پێشێلکردنی مـافی مـرۆڤ و مـافی گـەلان و مـافی سـەربەخۆیی هـەبوو، لەڕاسـتیدا کوشـتنی مرۆڤ و خواستەکانی و کوشتنی حـەق و ڕاسـتی دەبێتـە بنـەما و کاری پیٚ دەکرێت، کە ئەمەش بۆخـۆی جەوهـەری ئەنفالکردنـە، کەواتـــە ئـــەنفالکردن نـــەك نەوەســـتاوە و مەترســـی دووبارەکردنەوەی هەیە، بـەڵکو بەردەوامـە و ڕۆژانـە مومارەسـە دەکرێـت و هەوڵـە مرۆڤدۆسـتەکانیش تـاکو ئێسـتا نـەیانتوانیوە بنبڕی بکەن هەرچەندە تا ئەندازەیـەك سـنووری بـۆ دادەنرێـت و لە کۆتایی هەر پرۆسەیەکدا ئەو هەلە دەدرێت بـە ئەنفالکراوەکـە هــاوار و داد و فــەریادێك بکــات، بــەڵام جەوهــەری مەســەلەکە نـەگۆڕاوە، ئەگەرچـی ڕواڵـەت و زەمـەن و تەکنیکەکـەی گـۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆیە هەمیشە ئێمە دەبێت لەلای خۆمانەوە لـە ئەگەری دووبارەبوونەوەی ئەنفالی بەعس بترسین و حیسـابی بـۆ بکـەین، بەتایبـەتی کـە هێشـتا لـەناو عـەرەبی عێراقـدا عـەقڵی شـۆفێنیزم و ناسـیۆنالیزمی توونـدڕەو هـەر مـاوە و زۆرن ئـەو کەسـانەی کـە ئامـادەن جێگـرەوەی سـەدام بـن لـە هێنانـەدی خەونی عەرەبدا کە پێکهێنانی ئیمپراتۆریەتی گەورەی عەرەبییە

لەسەر حیسابی گەلانی تر، یان خەلافەتی ئیسلامییە بە پێشەوایەتی عەرەب لەسەر شانی گەلانی تر.

بەداخەوە لەم ناوەندەدا گوتاری کوردیش گوتارێکی ئایدۆلۆجی پچڕ پچڕە و بە نازانستی کار لەسەر بابەتەکە دەکات و مەبەستیەتی تەنها دیوێکی دراوەکە ببینرێت و کەسیش نەهاتووە موراجەعەیەکی رەخنەگرانەی شۆڕشی کورد بکات، بۆ ئەوەی بزانین ئێمەش چەندمان بەردەکەوێت لە بەرپرسیارێتی ئەم کارە و هی تریش؟ بێگومان لە هەموو کارەساتێکدا بەرپرسی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەیە، هۆکاری دوور و هۆکاری نزیك هەیە، عیللەتی کاریگەر و عیللەتی گونجێنەر هەیە، کە پێویستە هەرهەمووی دیاری بکرێت بۆ ئەوەی حەقیقەتی بابەتەکە وەکو خۆی دەربکەوێت.

**پ٤: جیاوازی لەنێوان ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارانی کورد لە خوێندنەوەدا بۆ ئەنفال لە چیدایە؟ ئایا کورد بەدەر لە هەموو جیاوازییەکان پێویستی بە کۆدەنگی نییە بۆ ئەنفال و دەرخستنی ڕەهەند و دەرئەنجامەکانی؟**

- **وەڵامی پرسیاری چوارەم:**

پێموانیە ڕەوابێت ئاوا بەڕەهایی جیاوازی بکەین لە نێوان ڕووناکبیر و سیاسەتمەدار، چونکە ئەم دوو چەمکە دەکرێت لە کەسێکدا کۆببنەوە، دەکرێت جیاش ببنەوە، هەروەك چۆن

دەشــکرێت کەســێکمان هــەبێت نــە ڕووناکبیر بێــت و نــە سیاسەتمەدار، چونکە زۆرن ئەو کەسانەی خۆیان بە ڕووناکبیر و بە سیاسیش دەزانن، بەڵام دەتوانین ڕووناکبیر بەو کەسە بڵێین کە دوور لە کاریگەری ئایدۆلۆژی هەوڵی لێکدانەوەی شتەکان دەدات و خۆی بە دەروێشی حەقیقەت دەزانێت، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە سەرچاوە و شووناسی ئەو حەقیقەتە، بەپێچەوانەوە سیاسەتمەدار کەسێکی پابەندە بە سنوور و دیسپلینی مەرامێکی سیاسییەوە، جا کەواتە ئیشکالی مەسەلەکە لەوێدایە کە ئێمە بە چ گیانێکەوە بە چ گریمانێکەوە لە چەمکی ئەنفال نزیک ببینەوە و بۆ چارەسەری کێشەی کورد چ تێگەیشتنێك کارایە و ڕۆڵی دەبێت؟

بەبۆچوونی من حەق وایە ڕووناکبیرەکان لە جەوهەری مەسەلەکە بکۆڵنەوە و شەن و کەوی تیا بکەن و بگەنە دەرئەنجام و چارەسەر، ئەوسا خیاراتی گونجاو لەگەڵ سیاسییەکان دیراسە بکەن و سیاسیەکانیش بە پێی بەرنامە و پلانی گونجاو کار لەسەر مومکناتی کێشەکە بکەن، هەرچەندە بەڕاستی ئەمڕۆ تێکەڵی و ئالۆزییەکی زۆر لە گوتاری ڕووناکبیری و سیاسیدا دەبینم، ئەوە ڕووناکبیرەکانن کە دوای سیاسیەکان دەکەون و بەپێی قەریحە و خواستی ئەوان گوتار دەدەن و لەم پێناوە حەقیقەت بووەتە قوربانی و هەتك کراوە، ڕووناکبیری

ڕاستەقینەش مـەهتووك و مەفلووكـە، سیاسـییەكانیش ئەوەنـدە تەوازوعیان نییە كە باوەڕیـان بـە ئـەهلی ئیختیصـاص هـەبێت و پـــرس و ڕاوێـــژیان پـــێ بكـــەن، ئـــەوانیش لـــەباتی ڕووناكبیر پێویستیان بە كۆمەڵێك نیمچە ڕووناكبیر هەیە كـە تەسبیحاتی شان و شەوكەت و عەقڵ و سیاسەت و هێـز و هەیبـەتیان بكـەن. لەهـــەمان كاتـــدا پێویســـتە ئـــەو ئینســـافەش بـــدەین كـــە لـــەناو سیاسییەكانیشـــدا كەســـانی ڕووـنـــاكبیر هـــەن كـــە دەتـــوانن مەوزوعیانە و زانستیانە لـە پرسـەكە بكۆڵنـەوە، بـەڵام زۆر جـار ئـەمانیش ئەوەنـدە دەكەونـە ژێـر كاریگـەری بـاری سیاسـی كـە ناتوانن بێ باكانە ڕاستییەكان بە خەڵك بڵێن.

جـا كەواتـە بـۆ ئـەوەی قسـەكردن لەسـەر هـەر كێشـەیەكی ئینســـانی، نەتەوایـــەتی، كۆمەڵایـــەتی و ڕووـنـــاكبیری ئـــەنجام و بەرهـــەمێكی عەمـــەلی هـــەبێت، حـــەق وایـــە هـــەردوو بـــاڵی بـــزاڤی كۆمەڵایـەتی كـوردی بـە ڕووناكبیری و سیاسـییەوە هاوشـان و هاوكـــاربن، چـــونكە ئـــەم دوو باڵـــە یـــەكتری تـــەواو دەكـــەن و كاریگـەرییان لەسـەر یـەكتر هەیـە، بەڕەچـاوكردنی ئـەوەی كـە هەرگیز نابێت ڕووناكبیر مفتـەخۆر و مەعاشـخۆری سـەر سـفرەی دەســـەڵاتی سیاســـی بێـــت، چـــونكە ئەگـــەر خوانەخواســـتە وای لێبێت ئەوە ئابڕووی فكر و قەڵەم دەبات و دەسـەڵاتیش دەبێتـە دیكتاتۆریەت و ڕووناكبیریش دەبێتە دیماگۆجیەت.

**پ٥: ئەنفال جیا لە بێسەرو شوێنکردنی (١٨٢) هەزار مرۆڤ و سووتاندن و خاپوورکردنی (٤٥٠٠) هەزار گوند و سووتاندنی ڕەز و باخ و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی دانیشتوانی شوێنە ئەنفال کراوەکان، کۆمەڵێ نەخۆشی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێناو بەردەوامیش درێژەیان هەیە، ئایا ئەم حاڵەتە کە لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی بە خەستی دەگرێتەوە، لەکوێی گوتاری ئەنفالکردنی کورد لەلایەن بەعسەوە خۆی دەبینێتەوە؟**

- **وەڵامی پرسیاری پێنجەم:**

حیزبی بەعس بەپێی ئەدەبیات و دروشمەکانی حزبێکی ناسیۆنالیستی توندڕەوی عەرەبییە، باوەڕی بە ئیمتیاز و بالاتربوونی عەرەب هەیە بەسەر گەلانی تردا، باوەڕی بەوە هەیە کە عەرەب پێویستە پێشڕەوی هەموو مرۆڤایەتی بن، هەر بۆیە لەم پێناوەدا سیاسەت و دەسەڵاتیان تەرخانکردووە بۆ زاڵکردنی عەرەب بەسەر غەیری عەرەبدا.

من نامەوێت لێرەدا موناقەشەی ئەم مەبدەئە کوێر و سەقەتە بکەم کە هیچ پایەیەکی فیکری و زانستی نییە و ئیفرازی پووچبوونەوەی پەیامی شکستخواردووی عەرەبەکانە، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم بیر و بڕوایەکی لەو چەشنە هەر دەبێت لە هەرکوێ دەسەڵاتی هەبێت کارەسات بخولقێنێت و

هەر کەسێکیش بەو بیرە فرشك درابێت، دیارە گەلانی غەیرە عەرەب بە شایانی سڕینەوە و سووکایەتی و نۆکەرایەتی دەزانێت و کەواتە زۆر بەئاسانی دەتوانین لەوە تێبگەین بۆچی بەعس بڕوای بە بوونی کورد و بە شۆڕشی کوردو بە چارەسەری عادیلانەی کێشەی کورد نەبوو، لەبەرامبەردا باوەڕی بە پاکتاوی ڕەگەزی و سڕینەوەی کورد و کوردستان و کوشتاری بە کۆمەڵی کورد و ئەنفالکردنی هەبوو، بەتایبەتی لە سەردەمی جەنگی سارددا کە هاوسەنگی هێزەکان ئەو هەلەی بۆ ڕەخساندبوو کە دۆزەخێك لە جەنگ و کارەسات بۆ گیانی گەلی کورد دابخات.

**پ٦: چی بکەین بۆ ئەوەی ئەنفال بکەینە مەسەلەیەکی میللی؟**

- **وەڵامی پرسیاری شەشەم:**

بەلای منەوە حاڵی حازر ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی میللییە، لای خەڵك بووەتە لوتکەی تراژیدیا بۆ قۆناغێکی ترسناك و لاپەڕەیەکی پڕ لە بیرەوەری تاڵ و پڕ لە ناسۆر بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵام هێشتاکوو هەر بەتەواوی نەمانتوانیوە بەتەواوی تەوزیفی بکەین بۆ ڕاکێشانی سۆز و پشتگیری گەلان و ئازادیخوازان و ڕای گشتی جیهانی لە مافی چارەنووس و مافی

سەربەخۆیی و مافی ژیانێکی ئازاد و سەربەرزانە، بۆیە حەق وایە سەرەتا لە خۆمانەوە دەست پێ بکەین و لەناو ماڵی کوردییەوە ئەو نەفرەتە لە شەڕ و بێدادی و زوڵم و تاڵانگەری بکەینە پەیامی ڕۆژانە و بانگەواز بۆ دادگەری و ئینساف و ئینسانییەت بکەین و حزبایەتیمان لێ نەبێتە ئامانج و ئاگاداری ئەوە بین کە ئیدارەی کوردیش تووشی لەرز و تای دەسەڵاتی تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت نەبێت و ئەمیش بەناوی زۆرینە و بە سیحری دیموکراسی و قەسیدەی حەماسە و شکۆی شۆڕشەوە نەکەوێتە چەوساندنەوەی ئەو کەسانەی بێ دەسەڵاتن و لە دەرەوەی حزبەکانی خۆیانن و مەحرومیان نەکات لە خێروبێری کوردستان، کە ئەم کارە جۆرێکی ترە لە ئەنفالکردن ئەگەر خراپتر نەبێت، چونکە لە کۆنەوە وتوویانە (قطع الأعناق ولا قطع الأرزاق). کە بەداخەوە ئێستا سەر بە حیزبی حاکم بوون دەرگای ئیمتیازات و ئیمکانیاتت لێ دەکاتەوە و سەر بە حیزب نەبوونیش دەبێتە مایەی مەحرومیەت و مەحکومیەت.

پ٧: هەڵوێستی ڕێکخراوە ئیسلامی و حکومەتە عەرەبییەکان چۆن لێکدەدەیتەوە تایبەت بە ئەنفال؟

- وەڵامی پرسیاری حەوتەم:

ئەم مەسەلەیە زۆر جار لەملاولاوە وروژێنراوە و بەحساب ئیسلامیەکانی پێ تۆمەتبار کراوە، کە گوایە هەڵوێستیان

نەبووە و حكومەتە عەرەبیەكانیش بەوە ناسراون كە لەكاتی كارەساتی كورد قڕاندا یاریدەدەری بەعس بوون.

مەبەستم ئەوە نییە ببمە پارێزەری كەس و بەرگری لە كەس بكەم، چونكە ئەوە حیزبە ئیسلامییەكان و دەوڵەتە عەرەبییەكانن دەبێت بەرگری لە خۆیان بكەن لەبەرامبەر لێپرسینەوەی خەڵك و خواوە كە بۆچی خیاری بێ دەنگییان هەڵبژارد، یان لەباشترین حاڵەتدا بۆچی قەناعەتیان بە (أضعف الإیمان) كرد و قسەیەكیان بۆ كورد و لە دژی بەعس نەكرد. ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە كە نەك تەنها ئیسلامییەكان عەرەبەكان بەڵكو هەموو دنیا بەتاوانبار دەزانم كە لەكاتی هەشتاكاندا لەكاتی ئەنفالكردن و كیمیابارانكردنی كوردستاندا بەهەموو شێوەیەك پشتیوانی بەعس بوون و ئامادەنەبوون بەیاننامەیەك بۆ مەحكومكردنی بنووسن، بەتایبەتی ئەمریكا و ئەوروپا كە خۆیان بە لانكی دیموكراسی و پارێزەری مافی مرۆڤ دەزانن بۆچی چاویان لەو تاوانە گەورانە نووقاند و بۆچی نەهاتن بە فریامانەوە؟ كەواتە هەموو دنیای ئەو ڕۆژگارە بەجۆرێك لە جۆرەكان بەرپرسیارن لە بێ دەنگی و بێ هەڵوێستیان بەرامبەر كارەساتی كوردقڕان و ئەنفال، كەواتە بۆچی ئێمە بەتەنها یەخەی ئیسلامییەكان بگرین یان قسە بەعەرەبەكان بڵێین كە ئەمانە لەچاو هێزە گەورەكان و

کۆمپانیاکـانی چـەکی کۆمـەڵکوژ و بەعســی داگیرکـەر و جاشـە کوردفرۆشەکان پشکێکی کەمی ئـەم مەسئولیەتەیان دەکەوێتـە ئەستۆ و کارئەکتـەرێکی زۆر لاوەکـین لـە سـیناریۆکەدا؟! حـەق وایە ئێمەش واقیعی تر مەسەلەی کورد باس بکـەین بەمەبەسـتی پەردەلادان لەسەر جەوهەری کارەساتەکە و ڕسـواکردنی هـەموو ئەنجامـــــدەر و شاباشـــــکەر و پشـــــتیوان و ســـــەبەبکار و شایەتحاڵەکانی، ئینجا بێینە سەر گلەیی و بناشت بۆ بینەرە بـێ دەسەڵات و لاوازەکـانی، کـە بێگومـان بـێ دەسـەڵاتی و لاوازیـی کوشندەترین نەخۆشی ئەم سـەردەمەیە و دەبێتـە – علـة العلـل – بۆ هەموو نەهامەتیەك.

## سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

**بوارەکانی کارکردن:**

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانەوە.
- خولی ڕاهێنان و ۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.